## راوێژکاری پێشووی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل:
## «لە ئیستادا پەیوەندی کورد و ئیسرائیل پەیێویستیەکی ستراتیژییە»

**«ئیسرائیل-کورد لە هەنگاوێکی تردا»**

No: 19 Jan 2011

# ئیسرائیل–کورد

# «کورد و جوو دوو نەتەوەی خاوەن یەک چیرۆک»



## ئەرەکە سەختەکەی مۆساد لە ئێستادا

## سینەمای ئیسرائیل سەرەتاییەک بۆ کۆکردنەوەی ماڵی جوویەکان

# ئیسرائیل کورد

مانگنامەیەکی سیاسیی گشتییە
گرینگی بە پەیوەندی
کورد و ئیسرائیل دەدات


**خاوەن ئیمتیاز:** داود باغستانی
**سەرنووسەر:** مەولوود ئافەند

**هاوکارانی ئەم ژمارەیە:**
ئازاد میران/ ئیسرائیل
عوسمانی شێخ
پێشرۆ فەرج جاف
بارزان ئیبراهیم
محەمەد جەمشیدی
دیاری محەمەد
کاروان محەمەد تەیب
زەردەشت عەبدوڵا
کـــاردۆ-کەرکوک





کەرکوک و قودس..
دوو شار لە ئاوێنەیەکدا 10





ئەحمەدی نژاد لەگەل ڕۆژنامەنووسێکی
ئیسرائیلی وێنە دەگرێت 34





هۆکارەکانی دژایەتی و نەفرەت
بەرامبەر بە جوو 24



**بۆ پەیوەندی:**
www.israelkurd.com
info@israelkurd.com
israelkurd@gmail.com
+964 750 405 2788
پەیوەندییەکان لە ڕێگەی
سەرنووسەرەوە دەبن

**ئیلان ئیسرائیل، بەرپرسی نووسینگەی ئورشەلیم**
TeleFax: 00972-2624-0850
Email:ilan1772@gmail.com
web: www.israelkurd.com
بەرپرسی نووسینگەی ئورشەلیم

# ئیسرائیل-کورد لە هەنگاوێکی تردا



سەرنووسەر
مەولوود ئافەند

دەزگای ئیسرائیل-کورد زیاتر لە ٢ ساڵە بە رەچاوکردنی هەموو پرەنسیپە ئەخلاقی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە کاری کردووە و بەپێی یاسا هەڵسوکەوتی کردووە تا دەستی کورد لە ملی هێزێکی گەورە و دۆستێکی رەوای مێژوویی وەک ئیسرائیل بکات، هەتا بەڵکوو لە چنگ هەموو ئەو پیلان و ناڕاستییانەی دەوروبەر رزگاری بێت کە هەردەم و کات کورد لە ژێر مەترسی ئەو پیلانانەدایە کە بە بەردەوامی لە لایەن هاوسێیەکانمانەوە کە هەندێک جار لە لایەن سیاسیەکانی کوردەوە بە دۆستی دێرینی کورد ناویان دەبردرێ، دەگێڕدرێت.

لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا (دەزگای ئیسرائیل-کورد) لە هەرێمی کوردستان کە وەک بەشێک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە لایەن ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیی وڵاتانی دراوسێ گەمارۆ دراوە، بەتایبەت لە عێراق کە بە دۆخێکی هەستیاردا تێدەپەرێ و ئێمەش لەو ناوچەیە هەڵکەوتووین، کاری کردوە لەسەر پرسێکی گرینگ و مێژوویی لە پێناو دروستبوونی پەیوەندییەکی دۆستانە لە هەموو بوارەکانەوە لەگەڵ ئیسرائیل و گەلی جوو بە گشتی و بەتایبەتی کوردە جوویەکان کە ئێستا ژمارەیەکی زۆریان لە وڵاتی ئیسرائیل دەژێن و سەردەمانێک لەم نیشتیمانەدا ژیاوەن و تێکەڵییەکی باشیان لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی هەبوو بە گشتی بەدەر لە مەسەلەی فاکتۆری ئاینی لە ناوچەکەدا، ئەوەش خۆی ئەو راستیەمان بۆ روون دەکاتەوە کە کوردستان هەمیشە لانکەی پێکەوەژیانی کەمینە ئایینییەکان بووە و دەبێ ئەو موزائیکە شکاوەی کە ئێستا پارچەیەکی کەمە، سەر لە نۆی دروست بکرێتەوە.

بەر لە دامەزراندنی دەزگای ئیسرائیل-کورد لە هەرێمی کوردستان، نووسینی وشەی ئیسرائیل لەسەر رۆژنامە یان گۆڤارێک لە هەرێمی کوردستان کە بەشێکە لە عێراقی ئیسلامی، زۆر مەترسیدار بوو و بە فۆبیا دادەنرا و ئەو پرسە لە زۆر لایەنەوە لە لایەن میدیاکانەوە بەگشتی لە پەڕاوێزدا بوو و زۆر بە کەمی باس لەو پەیوەندییە دەکرا و لە زۆر لایەنەوەشەوە بە هێڵی سوور هەژمار دەکرا.

بەڵام ئێستا ئەو رەوەشە گۆرانێکی زۆری بەسەردا هاتووە و دۆخی ئیسرائیل-کورد لە هەرێم باشترە و ئەوەش هۆکارەکەی بۆ رۆڵی دەزگاکەمان و تێگەیشتنی خەڵکی کوردستان لە پرسەکە دەگەڕێتەوە کە چەندین ساڵە ئیسرائیل و گەلی جوو بە تێڕوانین و ئایدۆلۆژیا و لۆژیکی دەوڵەتانی عەرەبی ئیسلامی وەک لە پێناسەی خۆیاندا دەوڵەتی ئیسرائیل بە داگیرکەر و قەوارەیەکی زایۆنی کە هەوڵ دەدات جیهانی ئیسلامی بەرەو توناکردن ببات لێکدەدرێتەوە.

بەڵام ناسینی ئیسرائیل وەک خۆی کە گەلی جوولەکەش وەک



هەموو نەتەوەکانی تر مافی ژیانیان هەیە و مافی خۆیانە لە بەرامبەر هەموو هێرش و هەڕەشەیەک لە لایەن ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەک حەماس و حیزبوڵڵا کە بەردەوام لە لایەن ئێرانەوە بۆ تێکدانی ئارامی و ئاسایشی ناوخۆی ئیسرائیل پڕچەک دەکرین، مافی خۆ پاراستنی هەبێت.

هەروەک ئاشکرایە لەو قۆناغەدا لە کوردستان مەسەلەی پەیوەندی کورد و ئیسرائیل ڕەزامەندیی زیاتر لەسەرە و پەسندکردنی پێوەندیی دوو نەتەوەی کورد و جوو ئێستا لە کوردستان زیاترە.

دەزگای ئیسرائیل-کورد لەو ماوەیەدا لە پێناو نزیکبوونەوە و دروستبوونی ئەو پەیوەندییە چەندین هەڕەشە، سووکایەتی و ناوزڕاندنی قبووڵ کردووە و پێی وا بووە گەیشتن بە ئامانجەکانی زۆر لەو سەختیانە گەورەترە کە ڕۆژانە لەلایەن نوێنەرانی وڵاتانی دراوسێ لە هەرێم و کۆمەڵێک لایەنی بە ناو ئیسلامییەوە ئاستەنگ دەکرێ.

دەرکردنی بەردەوامی ١٩ ژمارەی گۆڤاری ئیسرائیل-کورد و دەرچوونی ٢ ژمارەی ئینگلیزی گۆڤاری ئیسرائیل-کورد، کردنەوەی ماڵپەڕێکی تایبەت، چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاڤۆکێکی تایبەت بە ئیسرائیلناسی بۆ پێدانی زانیاریی زیاتر لەسەر سیستەمی دەسەڵاتی ئیسرائیل، چاپکردنی یەکەم ڕۆژنامەی ئیسرائیل-کورد لە ئۆرشەلیم بە زمانی عیبری بە تیراژی (١٠,٠٠٠) دانە، ڕێکخستنی زۆربەی زانا و شارەزایانی ئەکادیمی لەبارەی رابردووی کورد و جوو، سەردانی سەرۆکی دەزگا بۆ ئیسرائیل تەنیا بۆ ئەوەی پرۆسەکە باشتر بەڕێوە بچێت و چەندین کاری تر، سەلمێنەری بوونی چالاکانەی دەزگای ئیسرائیل-کورد بوون لەو ماوەیەدا و ئێستاش لە دوایساڵی تازەوە دەزگای ئیسرائیل-کورد کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە پرۆژەکانی خۆی لە کوردستاندا دەکات و بۆ زیاتر ناسین و لێک نزیکبوونەوەی هەر دوو گەلی کورد و جوو، قورسایی کارەکان دەخەینە ناوخۆی ئیسرائیلەوە و تا ماوەیەکی گۆڤاری ئیسرائیل-کورد بە شێوەیەی ئۆنلاین لەسەر ماڵپەری ئیسرائیل-کورد بلاو دەکرێتەوە و چاپ ناکرێت. ئەوەش پەیوەندیی بە زۆربوونی ئەو پرۆژانەوە هەیە کە لە ساڵی تازەدا دەزگای ئیسرائیل-کورد بە گشتی لە ناوخۆی ئیسرائیل کاریان لەسەر دەکات.






**د.مۆردەخـــای زاکێن، ڕاوێژکاری پێشووی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بۆ مافی کەمینەکان:**

# «لە ئێستادا پەیوەندی کورد وجوو پێویستییەکی گرنگ و ستراتیژییە»

گەلێکن ئەو مرۆڤە کە لە سایەی ئازادی و سیستەمێکی دیموکراتیێدا توانیویانە توانا و بەهەرەکانی خۆیان بخەنگەر تاوەکو زیاتر خزمەتی مرۆڤاییەتی و زید خۆیان و کۆمەڵگای ئازاد و دیموکراتیک بکەن،یەکێک لەوکەسانەیش دۆکتورمۆردەخـــای زاکێـــن زاخۆییە کە بە رەگەز کوردە و بنەماڵەکەی ئیستا لە ئیسرائیل دەژێن، کە توانی بەسەر تەنگ و چەڵەمەکانی دا زاڵ بێت وتا پلەی ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران (بنیامێن ناتانیاهو) و ڕاوێژکاری وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆی ئیسرائیلیش بەدەست بێنێ.کە باوکی لەبەر خۆشەویستی نازناوی (مۆتی) لێناوە کە ئەمەیش دەقی ئەو دیمانەیە کە لەگەلمان ئەنجامداوە.

**ئیسرائیل-کورد: بەراستی سەرنجڕاکیش و جوانە،د مۆتی خۆتان بۆ گوڤارەکەمان بناسێنی؟**

د. مۆردەخـــای: ناوم مۆردەخـــای زاکێـــن زاخۆییە ولە ئۆرشەلیم پەتەختی ئیسرائیل لەدایکبووم.خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندیم لە ئۆرشەلیم تەواوکردوەو پاشان لە زانکۆی عیبری ئۆرشەلیم زانستی ڕامیاری ومێژووی ڕۆژهەڵاتی نزیکم تەواوکردوە، لە هەمان زانکۆ مێژووی ڕۆژهەڵاتی نزیک و زمانەکانی ( ئارەوی و فارسی و سریانی) م خوێندووە، لەشاری نیۆیۆرک بۆ بۆردی دۆکتورا درێژەم بە خوێند دا مێژووی رۆژهەلاتی نێزیکم تەواو کرد، لە زانکۆی نیویۆرک لەگەڵ پرۆفیسۆر پیتەر ج. چەلکۆوسکی بابەتی سۆفیزمم خوێند ودوای تەواو کردنی خوێندن و گەڕانەوەم بۆ ئیسرائیل دەستم کرد بە ئامادەکردنی نووسینی بۆردی دکتۆراکەم کە باسێک بوو دەربارەی ئاغای (جوو و کوردە مسڵمانەکان) کە لەساڵی ٢٠٠٣ داپێشکەشی زانکۆی عیبری ئۆرشەلیم کرد.

**ئیسرائیل-کورد: دەتوانن بە کورتی باسی ژیانی خۆتان بکەن لە دوای گەیشتن بۆ ئیسرائیل؟**

د. مۆردەخـــای : لە نیوان ساڵەکانی ١٩٩٣– ١٩٩٧ دا مامۆستا بووم لە زانکۆی عیبری دەرسم گوتۆتەوە،وەک یەکەم کەس کۆرسێکم سەبارەت بە کورد و کوردستان ئەنجام داوە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٧ تا کۆتایی ١٩٩٩ بووم بە ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل (بنیامێن ناتانیاهو) بۆ کاروباری عەرەب و کەمایەتییەکانی دیکەی ئیسرائیل، لە ساڵی ٢٠٠١ ەوە، لە وەزارەتی ئاساییشی ناوخۆ ئیسرائیل وەک ڕاوێژکار لەسەر کەمایەتییە نەتەوەییەکان دەستم بە ئیش کرد.

**ئیسرائیل-کورد: دەکرێت باسی بۆردی دکتۆرایەکەتمان بۆ بکەی،کە بەرێزتان ئەو بۆردەتان وەک کتێبێک چاپ و بڵاو کردوەتەوە؟**

د.مۆردەخـــای: بۆردی دکتۆراکەم لێکۆڵینەوەییەک بوو دەربارەی پێوەندی نێوان جوویەکان و ئاسوورییە مەسیحییەکانی کوردستان بە سیستەم و ڕژێمەکانی دووروبەریانەوە هەروەها عەشیرەت وئاغا کوردەکانەوە. کە لە ساڵی ٢٠٠٧ دالێکولڵینەوەکەم وەک کتێبێک لەلایەن دەزگای ( بریلەوە) چاپ بڵاو بووەوە.

**ئیسرائیل-کورد: لە ئیسرائیل کوردەکان زۆر شانازی بە کورد بوونی خۆیانەوە دەکەن و خۆیان بەخەلکی کوردستان دەزانن وتەنانەت ئەو کوردانەی لە کوردستانی باشوورەوە هاتوون خۆیان بە عێراقی نازانن.. ئایا چۆن کولتوور و زمان و هونەر و مۆزیکی کوردی خۆیان دەپارێزن و بۆنەسڵی داهاتووش چ بەرنامەو پرۆژەییەکاتان هەیە تا گلەیی لە نەسڵی ئێستا نەکەن؟**

د. مۆردەخـــای: ساڵی ١٩٩٣دا لەگەڵ چەند هاورێەکی کـوردم کە ئەوانیش نیشتەجێی ئیسرائیلن بنکەی دۆستایەتیی ئیسرائیل و کوردیمان لەشاری قودسێ دامەزراند، ئەویش بۆ پشتگیریکردنی لەخەبات و کلتوور

## بنکەی دۆستایەتیی ئیسرائیل و کوردیمان لەشاری قودسێ دامەزراند، ئەویش بۆ پشتگیریکردنی لەخەبات و کلتوور و هونەری نەتەوایەتی کوردان

و هونەری نەتەوایەتی کوردان، ئەم بنکەییە بەمەبەستی دەربڕینی هەستی کوردان و لە ناو نەچوونی داب و نەریتی کوردەوارییەکە دەتوانن سەردانی سایتەکەمان بکەن.

http://israeli-kurdish-friendship-league.
/blogspot.com

**ئیسرائیل-کورد: جوویەکان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان خەباتێکی دورو درێژیان کرد،چون توانیان ئەم سەرکەوتنە بەدەست بێنن؟**

د. مۆردەخـــای: میللەتی ئیسرائیلی سەرکەوتنی بدەست هێنا، ئەویش دوای بەرخۆدان و قوربانییەکی زۆر، بە تایبەتی قوربانییەکەی هۆلۆکۆست کە یەک لە سێی ٣/١ جـووی ئـەوروپـای لە ناو بـران،پـاش خەباتێکی درێژی دیپلۆماسی و چەکداری و خوێناوی جوویەکان بەسەر تەگەرەکاندا زاڵبوون و توانیمان خاکەکەمان ئازاد بکەین ولاتی ئیسرائیل دامەزرێنین دوای سەرکەوتنمان بەسەر حەوت ولاتی عەربی کە ڕازی نەبوون خاکی ئیسرائیل لەنێوان جوویەکان و فەلەستینییەکان دابەش بکرێت کە بڕیار و پێشنیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، دەبێ میللەتانی جیهان بەتایبەت عەرب ئەم ڕاستییە بزانن چونکە زۆربەی خەڵک چەواشە کراون و مێشکیان شۆردراوەتەو وابیر دەکەنەوە کە ئەم خاکەمانە داگیر کردووە و هی ئێمە نییە و دان نە بەمێژوومان و ئایینماندانانین .

**ئیسرائیل-کورد: ئیسرائیل هەرچوار دەوری دوژمنە وەک کوردستان،چون دەروانە ئەم بارودۆخە؟**

د.مۆردەخـــای: ئیسرائیل میسر و ئەردەن و تورکیا بە دۆستی خۆی دەزانێت، کەچی ئەو ولاتە بەناو عەرەبەوە دان بە ئیسرائیل دانانێن، بەڵکو مافی بوون ئیسرائیل بەڕاست نازانن و بەدەستیان بێ بۆ ناو دەریامان ڕادەماڵن، بەڵام ئەگەر سیستەمی حکومەتی تورکیا گۆڕا و بیربۆچوونەکان بە ئاراستەییەکی دیکەدا رویشتن ئەو شتێکی دیکەییە، بەڵام کورد بۆ بەدەستهێنانی نیشتمانەکەی خەبات دەکات هەروەک سەردەمێک جوویەکان کردیان بۆیە ئێستا دوژمنایەتی دەکەن کە بە خۆاست و ویستەکانی خۆی نەگات، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٨ەوە کە ئیسرائیل دامەزراو هیچ پشتگیریەلە خەباتی و ماندوبوونی کـوردان نکردوە تاسەرلەپێناو ئازادکردنی خاکی کوردستان، تا وەک لە ئایندە دا ببنە پاڵپشتێکی مەزن و دڵسۆزی بۆ یەکتر.

**ئیسرائیل-کورد: راتان چییە بەرامبەر بەوەی کە هەموو تاکێکی کورد**

# کورد بۆ بەدەستهێنانی نیشتمانەکەی خەبات دەکات هەروەک سەردەمێک جوویەکان کردیان بۆیە ئێستا دوژمنایەتی دەکەن کە بە خۆاست و ویستەکانی خۆی نەگات



**ئاواتی کوردستانێکی سەربەخۆییە؟**

د.مۆردەخـــای : گەلی کورد پێویست کەڵک لە مێژووی و خەباتی جوویەکان وەربگرێت تا شت فێر بێت و بێ هیوا نەبێت،ئێمەی پتر لە ٢٠٠٠ سال دەربەدەری هەندەران بووین، چونکە بەدستی بابلییەکان و ئاشورییەکان بە زۆر ڕاپێچکراین بۆ مێزۆپتامیا و هەندێکیش لەم ولات و لەو ولات ماینەوە و هەندێکیش لە فەلەستین کە وەک کەمایەتی ماینەوە لە ژێر فەرمانی ڕۆمان و عەرەب و تورک و داگیرکەری ئینگلیز، تاکو سالێ ١٩٤٨ خۆمان تێک ناو گەڕاینەوە خاکی باو و باپیرانمان کە پێی دەڵیین خاکی بەڵێن پێدرا و کە بووە ئیسرائیل وزمانە کۆنەکەی خۆمان لەملاو ئەولا کۆکردەوە و کردمانەوە زمانی گشتی و فەرمی وڵات پاش ئەوەی بە سەدان ساڵ ئەو زمانە عیبروویە ون ببوو و تەنها بۆ نوێژکردن و کاروباری ئایینی بەکار دەهات بۆیە کورد بە یەکگرتووی و پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەواییەتییەکان و خۆ پاراستن لە دووبەرەکی دەتوانین بگاتە مافە ڕەواکانی خۆی.

**ئیسرائیل-کورد: ئەو کاتەی لەجوویەکان لە هەندەران بوون لە نوێژەکانیاندا دوعای ئەوەیان دەکرد کە خودا یارمەتیان بدات بگەڕینەوە بۆ ئۆرشەلیم .**

د. مۆردەخـــای: بەڵێ ئافەرین،ئەوە زۆر راستە و ئەو دوعاییەمان دەکرد تەنانەت ئێستاش کە لە ئۆرشەلیمین هەر ئەو دوعاییە دەکەین .

**ئیسرائیل-کورد: خۆ لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە کە کە خودا بە مووسا پەیامبەری فەرموویيە» میللەتی بنی ئیسرائیل لە میسرەوە ببەوە خاکی ئیسرائیل» و دەریای سووریان بۆ لەت بوو و پەڕینەوە و ئێستاش**

**موسڵمانەکان لە ڕۆژەدا بەڕۆژوو دەبن؟.**

د. مۆردەخـــای: بەڵی ئەوە ڕاستە.

جا میللەت کوردیش دەبێ وورەیەکی زۆر بەرزیان هەبێ لەگەڵ ئاواتێکی ووروژاو هەموو هێزو توانایان بەگەڕ بخەن و ئامادەی قوربانیدان بن لەپێناوی بەدیهێنانی مافی خۆیان دژی ئەو رژێمانەی کە پارچەکانی کوردستانیان کەوتۆتە ژێرچنگ.. وهیچ کاتێ وورە بەرنەدەن و واز لە خەبات نەهێنن ئەگەرچی هەر سەختی و تەگەرەیەکیشیان هاتە ڕێ !تا ئەودەمەی مافی چارەنووسی ی خۆیان دابین دەکەن و کوردستانی مەزن ئازاد دەکەن.ئێمەی جوو لەدەرەوی خاکی خۆمان بووین و ئازادمان کرد، بەڵام کورد لەسەر خاکی خۆی دەژییێت، کارەکەتان لە لایەنێکەوە هاسانترە!

**ئیسرائیل-کورد: زۆر سوپاس و ماندو نەبن بەرێز مۆردەخـــای، دوا وتەتان چییە؟**

د: مۆردەخـــای: پێویستە لەسەر کورد و ئیسرائیل پێوەندییەکی بەهێز ببەسن، چونکە پێوەندی کورد و جوو زۆر کۆنە و **لەم سەرەدەمەدا پەیوەندی کورد وجوو پێویستییەکی گرنگ و ستراتێژییە** و هیوادارسەرکەوتن بۆ هەموو لایەکمان دەخوازم وداوایشم ئەوەییە کەبرایانی کوردمان سەردانمان بکەن و بێن بۆ ئیسرائیل و هەر کوردێکیش هاتبێتە ئێرە هەستی بە نامۆیی نەکردووە .

زۆر سوپاس بۆ ئەو دەرفەتەی کە بۆ ئێمە ڕەخساندتان.



ئازاد میران/ ئیسرائیل
azadmiran2002@yahoo.co.uk

# سەرەتایەک لەمەڕ ڕەهەندی فیکری و سیاسی سینەمایی لە ئیسرائیل




زۆربەمان بە مەرگەسات و ناوبردنی جوویەکان بە دەستی نازییەکاندا ئاشناین، ئەو مەرگەساتەی کە تێیدا هەزاران جووی لە وڵاتانی ئەورووپا قڕکران،کە دواتر بە هۆلۆکۆست ناسرا، بێگومان ئاشنایەیمان بەو مەرگەساتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێڕوانینانە ستراتیژییەی کە سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران و هونەرمەندە جوویەکان بەدرێژایی ساڵانی پاش هۆلۆکۆست هەیانبووە و کاریان لەسەر کردووە.




بواری سینەمایش یەک لەو فاکتەرە گرنگانە بۆ خستنەڕووی نەهامەتییەکانیان جوویەکان، دەبینین فیلمسازانی جوو چەندین فیلمی سینەماییان بەرهەمهێناوە کە هەریەکە و بە شێوەیەک باس لە ئەو کارەساتە دەکات،لێرەدا ئەتوانین بلێین جوویەکان توانیویانە بە کەڵکوەرگرتن لە کارەساتی هۆلۆکۆست بەرەو خۆ کۆکردنەوە و بە دوڵەت بوون هەنگاوبنێن، دیارە مەبەستی منیش لێرەدا کارەساتگەلێکی وەک ئەنفال و کیمیایی بارانی هەڵەبجەو چەندین نەهامەتی ترە کە بەسەر گەلی کورد هاتوون کە هیچیان لە هۆلۆکۆست کەمتر نییە، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کورد تا ئێستا نەیتوانیوە وەکو پێویست لە ناوەندە جوراوجۆرەکاندا گوزارشت لەو کارەساتانە بکات کە بەسەر گەلەکەیدا هاتووبکات، بەتایبەتی لەبواری سینەما و درامادا کە تا ئێستا چەندین کاری سینەمایی و درامایی لەبارەی کارەساتەکانی وەک کیمیایی بارانی هەڵەبجە و ئەنفال بەرهەمهێنراون، بەڵام جگە لە کۆپیکردنەوەی یەکتر هیچی تر نەبووە، ئەوەی لە سینەما و درامای کوردیدا باسکراوە تەنها چەند وێنەیەک بووە لە چەند تەقینەوەیەک و دووکەڵێکی چڕ وپڕ و شەهیدبوونی خەڵکێکی بێتاوان .. یان ژمارەیەک ئۆتۆمۆبیلی ئەی ڤا کە ئەنفالکراوەکان دەگوازێتەوە و چەند شۆفلێکش گۆڕی بەکۆمەڵیان بۆ هەڵدەکەنێت، بەداخەوە زۆربەی فیلمسازانی کورد (هەڵەبجە و ئەنفالیان) لەم یەک دوو دیمەنەدا چڕکردووەتەوە، ئەوەی کە جێی بایەخ بووە بەلایانەوە تەنها ورژاندنی هەست و سۆزیی وەرگربووە لە ڕێگای پیشاندانی گریانی منداڵێکی نێو گرتووخانەکان یان گوللەبارانکردنی ردێن سپییەک . گرفتەکەیش لەوەداییە ئەو وێنانە جگە لە ورژاندن و کولانەوەی زەخمی بینەری کورد هیچ کاریگەرییەکی ترجێ نەهێشتووە، واتا نەیانتوانیوە لە دیدی بینەرێکی بیانیدا تێڕوانینێکی جیاواز بۆ ئەو کارەساتانە درووست بکەن، بۆیە بەشێکی زۆری ئەو کارانە جگە لە باسکردنێکی سەرپێیانە هیچی تر نەبوونە..

## ژیـــان جوانە
## گەمەیەک لە نێو گۆڕەپانی مەرگدا

**ئەگەرچی ژیان لێوا و لێوە لە نەهامەتیی و مەرگەساتی، بەڵام دەرئەنجام بەهای جوانییەکانی لە دەست نادات،** لە کاتێکدا ئەگەر مرۆڤەکان بتوانن لە نێو لابۆڕی گەورەی ژیاندا لە گۆڕینی بەشێکی زۆری هاوکێشەکان رۆڵی کاریگەریان هەبێت.

## ڕەهەندی وفەلسەفی فیلمی سازکردن

فیلمی ( life is Beautiful ) (ژیان جوانە) کە زیاتر لە ٥٠ خەڵاتی سینەمایی بەدەستهێناوە، ڕەخنەگرانی بواری سینەمایش لە ریزبەندی فیلمە نایابەکاندا پلەیەکی باڵایان پێبەخشیوە، زەمەنی ڕووداوەکانی نێو فیلمەکە دەگەڕێتەوەبۆ شەڕی دووەمی جیهانی، بە سەرهاتی پیاوێکی جووی ئیتاڵیایی دەگێڕێتەوە کە پاش ئەوەی

کچێکی کاتۆلیکی خۆشدەوەێت و دوای ململانێیەکی زۆر هاوسەرگیریی دەکەن ئاکامی ئەو ژیانەیش هاتەنە دیای منداڵیکە، ئەو منداڵە ئەبێتە گرنگترین تەوەری ڕووداوەکان،بە تایبەتی دوای ئەوەی نازییەکانی ئیتاڵیا داگیر دەکەن و جوویەکانی ئەو وڵاتە لە نێو گرتووخانەکاندا کۆدەکەنەوە، بە ساڵاچووان و منداڵان بە گازی ژەهراوی لەناو دەبەن، لێرەدا هەموو هەوڵێکی باوکەکە ئەوەیە منداڵەکەی لە مەرگ رزگاربکات، بێگومان وێنەکردنی نەهامەتیی جوویەکان لە سینەمادا،کاری زۆری لەسەر کراوە،بەڵام ئاخۆ جیاوازی ئەم فیلمە لەگەڵ ئەوانەی پێشووتری خۆی لە چیداییە؟

ئەوەی ئەم فیلمە جودا دەکاتەوە ئەوەیە کە بەشێکی زۆری ڕووداوی فیلمەکە لە قاڵبێکی کۆمیدیداخراوەتە ڕوو، تاکۆتایی بەشی یەکەمی فیلمەکەش بینەر هەست بەوە دەکات تەماشای فیلمێکی کۆمیدی دەکات،بەڵام لە بەشی دووەمـدا هاوکێشەکە سەرەو ژێر دەبێتەوە بەجۆرێک بینەر ڕووبەڕووی پرسێکی چارەنووس سازدەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەستەمە بتوانرێت تەرزەکان لەیەک جیا بکرێنەوە واتا بینەر ناتوانێت بەتەواوی بەڵێت ئەوەی کە دەیبینم کۆمیدیایە یان کردەگەلێکی درامایی یاخود ڕۆمانسین !

ئەو دۆخەی بینەر ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە سینەمادا پێیدەوترێت (فەیبڵ_ Fable) واتا ئەو بەسەرهاتانەی کە لەئەفسانە دەچن و لەژیانی ڕاستەقینەدا بە ئاسانی نایەنە دی.

لە نێو گرتووخانەکەدا ئەو کوشتارگەیەی سەر زەمین کە لە لایەن نازییەکانەوە بۆ جوویەکان ئامادەکراوە، ڕۆبێرتۆ بینینی دەرهێنەری فیلمەکە کە لە هەمانکاتدا ڕۆڵی باوک دەبینێت هەمیشە لە هەوڵی شاردنەوەی کوڕەکەیەتی لە دەستی نازییەکان، هۆشمەندیی و زیرەکی باوکەکە لەوەدایە کوڕکەی وا تێدەگەیەنێت ئەوەی ڕوودەدات جگە لە گەمەیەک هیچی تر نییە کەسی براوە تانکێکی ڕاستەقینەی پێدەدرێت، هەڵبەتە دەسکەوتنی تانکێکی ڕاستەقینە حەز و ئارەزوویەکی لە پێشنەی کوڕەکەیەتی کە بەر لەوەی ببرێنە گرتووخانە هەمیشە مشتومڕی لەسەر دەکەن، لە ترۆپکی کردەکاندا باوکەکە بەرلەوەی گولەبارن بکرێت کوڕەکەی لەگۆشەیەکی گۆڕەپانی کوشتارگەکەدا حەشاردەدات و داوای لێدەکات بەهیچ جۆرێک لەو گەمەیەدا خۆی ئاشکرانەکات،لە کۆتاییشدا دوای ئەوەی منداڵەکە بە هۆی خۆبەختکردنی باوکییەوە لەو گەمە مەرگەسات ئامێزەدا رزگاریی دەبێت و بە هاتنی هێزەکانی ئەمریکایش لە حەشارگەکەی دێتە دەرەوە، بەبینینی تانکێکی ڕاستەقینە کە لوولەکەی بە ئاراستەی بینینی بینەرە ولە هەمانکاتدا بە ئاراستەی بینینی خۆ یەتی تووشی شۆک دەبێت،دەرئەنجام خۆی لە ئامێزی سەربازی سەر تانکەکەدەبینێتەوە و ئەوئاواتەی هەمیشە خەونی پێوەدەبینی دێتەدی .

بێگومان ئەم فیلمە لە ڕەهەندی ئایدۆلۆژیای سیاسی و نەتەوایەتیی بەدەر نییە، هەوڵێکی دیکەییە بۆ ناساندنی مەرگەساتی هۆلۆکۆست و قڕکردنی جوویەکان لەسەر بنەمای جیاوازیی نەتەوایەتیی و ئایین و بیر و باوەڕ بە جیهان، هەروەها توانای فیکریی تاکی جوو وێنە دەکات لە تێپەڕاندنی گرفتەکان و بـەردەوام بوون لە ژیان ئەویش لەڕێی قوربانیدان بەهەموو شێوازێک لەپێناو مانەوەی نەوەی نوێ، ئەوەی ئەمڕۆ بونیاد دەنرێت دەرئەنجامی قوربانیدانی نەوەی پێشوویيە کە لەسەر دەستی نەوەی نوێ پەرەی پێدەدرێت .

لێرەدا جێی خۆیەتی ئێمەی کـورد،وەک نەتەوەیەکی ستەمدیدە پرسیارێکی گرنگ لە خۆمان بکەین،ئاخۆ بزاڤی سینەما و درامای خۆمان کەی دەتوانن بە دیدێکی جیاوازە وە کاربکات لە سەر کارەساتگەلێکی وەک هەڵەبجە و ئەنفال کە بەشێوەییەک بتوانێت گوتارێکی ستاتیکی و مەعریفی بەدەر نەبێت لە وێنەی ڕاستەقینەی کارەساتەکان بگەیەنێتە بینەری بیانی؟




*فیلمی life is Beautiful، لە دەرهێنانی (ڕۆبێرتۆ بینینی)یە،ئەکتەرە سەرەکییەکانیش بریتین لە:

_ ڕۆبێرتۆ بینینی لە ڕۆڵی باوک
_ نیکۆلێتتا براتچی لە ڕۆڵی دایک
_ جیۆرجیۆ کانتارینی بەرجەستەکاری کارەکتەری منداڵ.

ئا: کـاردۆ–کەرکوک
kardo_mm@yahoo.com

# کەرکوک و قودس..
# دوو شار لە ئاوێنەیەکدا

**بەشی دووهەم و کۆتایی**



پەرتووکخانە مێژوویيەکە دوور و درێژە هەیە کەرکوکیش یەکێک لەو شارانییە کە خاوەنی چەندین کتێبخانە بووە و دانیشتووانی شارەکەیش سوودیان لەو کتێبانە گرتووە بۆ فێربوونی زانست لە هەموو بوارەکاندا کە ئاماژە بە هەندێک لە کتێبخانە دەکەین لە شاری کەرکود دا بوون

کتێبخانەی مەدرەسەی مەحموود خاڵ : کە لە ناو حەوشەی مزگەوتی مەیداندا بوو لە قەڵای کەرکوک. هەموو کتێبەکانی دەس نووس بوون، چونکە چەند سەد ساڵ لەمەو بەر بە دەست نووسرا بوون و هەندێکیشیان مێژووی هەزار ساڵ پێش ئێستایان پێوە دیار بوو کە ژمارەیان پتر لە ١٠٠٠ کتێب دەبوون، ئەم کتێبانە بۆ ئەو کەسانە تەرخانکرابوون کە لە شاری کەرکوک خوێندەوارن، کە دواتر ئەم کتێبانە دران بە ئەوقافی کەرکوک وئەوانیش گواستیانەوە بۆ کتێبخانەی ئەوقاف لە بەغدا.

ـ کتێبخانەی مەدرەسەی مهرانی : لەم خوێندنگایە دا بەردەوامی بیست وپێنچ فەقێ دەیانخوێند، دەڵێن کتێبخانەیەکی یەکجار بایەخدار و بێ هاوتای بووە کە هەزاران کتێبی لە خۆ گرتووە و لە گەڵ هاتنی ئینگلیزەکان ئەم کتێبخانەیە نەما.

ـ کتێبخانەی مەدرەسەی ئەلسلگانیە :ئەم مەدرەسیە لە گەڵ کتێبخانەکەی لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی تاقە مەدرەسە و کتێبخانە بوو کە میر بڕوای پێکرد بوو، باشترین کتێب وپیداویستییەکانی خوێندنی بۆ دابینکراوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٧ بیناکەی روخێنرا ولە شوێنەکەی کتێبخانەییەکی دیکە واتە کتێبخانەی گشتی ئێستای کەرکوکی لێ دروستکرا .

ـ کتێبخانەی خانەقای عومەر گۆنبدی: دروستکردنی ئەم کتێبخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی کۆن، لە ناو خانەقا لەشاری کەرکوک لە گەڕەکی ئیمام قاسم، بەڵام لە دوا بەشی جەنگی جیهانی یەکەمدا هەموو کتێب و پەرتووکەکانی تاڵان دەکرێت.

ـ دیارە لە ساڵانی حەفتاکاندا لە کۆی ٩ کتێبخانەشاری کە رکو ک (٥) ی کتێبخانانە هی کوردکان بووە و (٤) دیکەی هی عەرەب وتورکمان بوو .

### حەمامەکانی کەرکوک بەشێکن لە شوێنەوارەکانی شارەکە

کەرکوک لە گەڵ ئەوەی بە گەلێک شوێنەوار ناسراوە، لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەولایەنە بکەین کە سەردەمانێک کەرکوکی ناساندووە، ئەویش جۆری وزۆری حەمامەکانە، لێرەدا دەتوانی بە کورتی ناوی ئەو حەمامانە بێنین وەک: حەمامی (موفتی ) کە دەکەوێتە لای باخچەی قەڵا وهەروەها حەمامی (گوێزگلی)، حەمامی (گاورەکان) کە تایبەت بووە بە کلدانیەکانی، حەمامی لاوان (شباب) وحەمامی حاجی باقر لە ناو بازاڕی جووت قاوە، حەمامی (حاجی حەسەن ) نزیک خەنجەرچییەکان، حەمامی (بەڵاخ ) لە گەڕەکی بەلاخ ـ کە ئەم حەمامە نزیکە ٤٠٠ ساڵ لە مەوپێش دروستکراوە، هەروەها حەمامی (تەوقات) دەکەوێتە نێوان پیریادی وگەڕەکی جوویەکان و حەمامێکی زۆر کۆنە، حەمامی (شور حەمام) و(حەمامی شۆریجە) لە گەڕەکی شۆریجە



وێنەیەکی کۆنی شاری کەرکوک

لە ساڵانی پەنجاکاندا دروستکراوە، حەمامی (شیفا) لە گەڕەکی ئەحمەد ئاغا، وچەندین حەمامی دیکە وەک حەمامی بولاق، حەمامی دەدە حەمدی وجوت حەمام کە دیوارەکانی ئاوێنەکاری کراوە، حەمامی کۆماری، حەمامی فەرەح وحەمامی ساعە وعەلی بەگ ...هتد

بێ گومان حەمامە کۆنەکانی کەرکوک زۆربەیان بە شێوەی گومەت دروستکراون و بە شێوەی نەخشسازی کۆن، حەوزەکانیان بچووک ب و ژووری تایبەت بۆ خۆششتن و...هتد هەروەها لە ناو حەمامەکاندا چایخانەی تایبەت هەیە بۆ ئەوکەسانەی خۆیان دەششت،سندوقەکانی هەریەک کلیلێکی تایبەتە بە خۆیان بووە بۆ ئەو کەسانەی کە سەردا ئەو حەمامە دەکەن تا کەلوپەلەکانیان پارێزراو بێت و کلیلەکەیش لای خۆیان بووە، راستەیەک هەیە کە ناکرێت فەرامۆشی کەین ئەویش ئەوەیە ناوبانگی حەمامە کۆنەکانی کەرکوک دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتوویی وناوبانگی خاوەنەکانیان کە کەسانیکی وناسراو بوون .

## کەرکوک شاری سینەما ..

سینەما رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە پێشخستنی ئاستی هوشیاری و رۆشنیری گەلان، سینەما مێژووییەکی زۆر کۆنی نییە بەتایبەت لە وڵاتی ئێمە، بۆیە داگیرکەرانی کوردستان کوردیان لە سینەما بێ بەشکردوە، بۆیە بە داخەوە دەبینین رۆشنبیری سینەما تا ئیستایش گرنگی ئەو تۆی پێنادرێت هیشتا بەبووەتە ناوەندیک بۆ هۆشیاری وکروشنبیری، ئەمەش مانای ئەوەنیە سینەما هەر نەبووە، شاری کەرکوک لەم بوارەیشەوە پێشەنگی شارەکانی تربووە و به هەوڵی چەند هاووڵاتییەکی جوولەکەی کەرکوک توانراوە سینەما بهێنرێتە کەرکوکەوە، ولە ساڵی ١٩٢٧ سینەما هاتۆتە شاری کەرکوک لەوکاتەیشدا تەنها سینەما (وەتەنی وغازی ) هەبووە کە سینەما وەتەنی بە کۆنترین سینەما دادەنرێت، وسینەما غازی کە خاوەنەکەی کەسێکی جووبووە بەناوی (زۆرۆ) بە ناو مەلیک غازیەوە دایناوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٨ روخێنرا، پاشان سینەما (عەلەمین) کە بە هەردوو وەرز کاری دەکرد ئەویش لەسەر دەستی دوو کەسی جووولەکە بە ناوەکانی (عەبدوڵا، سەلیم ) دانراوە، ئەم سینەمایانە تا ساڵی ٢٠٠١ بەردەوام کاریان دەکرد، بۆیە دەتونین بڵێن سینەما لە ئەوروپاوە لەسەر دەستی جوولەکە گواستراوەتەوە بۆ رۆژهەڵات ناوین کە دواتر چەندین سینەمای دیکە دروستکران.

- سینەما خەیام کە لە لایەن حاجی خورشید ولە بەرامبەر قەڵا دروستکرابوو بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ کاری کرد ولە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٩ تا١٩٨٠ روخێندرا.
- سینەما نەجوم لە گەڕەکی ئەحمەد ئاغا دروستکرا و١٠ ساڵ ئیشیکرد وپاشان روخێنرا.
- سینەما دونیا لە تەنیشت سینەما ( عەلەمەین) بوو.
- سینەما حەمڕا لەسەرتای ساڵی ١٩٤٠ دروستکرا ولە٢٠٠٢/٣/٢٨ داخرا .
- سینەما سەلاحەدین لەساڵی ١٩٦٤ دروستکرا ولە ١٩٦٧ کراوەتەوە، بەڵام دوای پرۆسەی ئازادی عێراق سوتێنرا .
- سینەما ئەتڵەس لەسەر شەقامی ئەتڵەس .
- سینەما قەڵا لە ساڵی ٢٠٠٢ وە کراوەتەوە لە شوێنی سینەما ئەتڵەس .

لەمێژووی سینەمای کەرکوکدا بە بەردەوامی (١٠) سینەما هەبووە، وە

# دریژترین وگەورەترین چاڵە نەوتی جیهانە لە ناوچەی جەبەڵ لە شاری کەرکوک و ئەم چاڵە نەوتە (٢٢٢) چاڵە نەوتی تیدایە



خەڵکی کەرکوک لە ساڵانی ١٩٣٠ وە ئاشنا بوونە بە سینەما.

**کەرکوک لەبواری چاپخانە و ڕۆژنامەگەریە وە**

ـ لەساڵی ١٨٧٩ز دا لەسەردەمی فەیزی پاشایەکەمین چاپخانە هاتووەتەشاری کەرکوک، ساڵی ١٩٠٩ دووەم چاپخانە بە ناوی (سەنائیع) و پاشان ساڵی ١٩١١ ز چاپخانەی حوادس وساڵی ١٩٢٦ چاپخانەی شارەوانی هاتوونەتە شاری کەرکوک....

بە پێی سەرچاوەکان ( ژۆرنال) یەکەمین ڕۆژنامەی دیوار بەند بووە کە لە ساڵی ١٩٠٩ دا لە قوتابخانەی سەنائیع بە زمانی تورکی بڵاوی بووەتەوە.

لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ دا ڕۆژنامەی نەجمە ودواتر ڕۆژنامەی تەجەدود لە کەرکوک دەرچوون، ڕۆژنامەی کەرکوک لە ڕۆژی هەینی ١٢ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦ بڵاوکرایەوە، کە هێجری، ئەسیری وپیرەمێرد شتیان تیدا نووسیوە.

گۆڤاری شەفەق لە ١٥ کانونی دووەمی ١٩٥٨ دا یەکەم ژمارەی کە بە هەردوو زمانی کوردی وعەرەبی دەردەچوو کۆمەڵێک نووسەری ناوداری کورد شتیان تیدا دەنووسی وەک ئیبراهیم ئەحمەد،عبدالقادر بەرزنجی،مارف بەرزنجی، حمەی مەلا کەریم، جەمال خەزنەدار، عوسمان خۆشناو ....هتد. لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک ڕۆژنامە چاپ و بڵاوکرانەوە وەکو، ڕۆژنامەی ئازدای، ڕۆژنامەی بیمار، ڕۆژنامەی گاورباغی ورۆژنامەی دەنگی داس وگزنگ و....هتد .

**کەرکوک دەریای زێڕی ڕەش**

کەرکوک بە شاری نەوت دەناسرێت کە چەندین کێڵگەی نەوتی تێدایە وەک : کێڵگەی باباگوڕگوڕ، کێڵگەکانی چەمەبۆر ( زەمبور)، کێڵگەی بای حەسەنی خوارو و سەروو، کێڵگەی ئافانا، کێڵگەی جەبەڵ بۆر، کێڵگەکانی خەبازە و دەیان کێگڵەی تری دەرهێنراو دەر نەهێنراو. لە ناوچەی باباگوڕگوڕ دیاردەیەکی سەیر هەیە ئەویش داگیرسانی ئاگرێکە لە دەرەنجامی دەرچوونی گاز لە زەوییەوە کە بە هۆی شکاوی چینەکانی زەوی کێڵگە نەوتیەکە وە ئاگر لێدەردیت و بەم ئاگرەش دەڵێن ( ئاگری ئەزلیی) کە زیاتر لە ٥ هەزار ساڵە داگیرساوە . دیارە لە سەر ناوی کەرکوک راوبۆچونی جیاواز هەیە، لەم بارەیەوە هەندێک دەڵێن ناوی کەرکوک لە ووشەی ( کرخا بیت سلوخ ) واتە ( شاری پتەو وقایم ) هاتوە کە ئاشورییەکان بە کاریان هێناوە، بەڵام ناوی باباگوڕگوڕ بە شێوازی کور کورا هاتوە، کورکورک.

پسپۆڕەکانی بواری پەترۆڵ جەخت لەوە دەکەنەوە کە نەوتی کەرکوک چاکترین وپاکترین جۆری نەوتی کوردستانە وعیراقە و زۆرترین بەرهەمی نەوتی لە چاڵەکانی نەوتەکانی کەرکوکەدایە، ٢لە ٣ نەوتی عێراق لە کەرکوک وتەنانەت

## کۆمپانیای نەوتی باکوور تەنها (٧٥٦) کارمەندی کورد هەیە

لەسەر ئاستی جیهانیش شاری کەرکوک گرنگترین شارە لە رووی نەوتەوە، کە پاکترین وچاکترین وپوختترین نەوتەی هەیە لە جیهاندا، ساڵی ٥٧٠ ساڵ پ.ز نەوت لە کەرکوک دۆزراوەتەوە وەک لە ئەفسانەدا باسی لێوەکراوە .

دەوڵەتی عوسمانییەکان لە رێگەی (گولبانگیان) کە راوێژکاری دارایی سوڵتانی عوسمانی بووە، یەکەم کەس بوو کە ساڵی ١٨٩٠ خەبەری بەسوڵتان دا ئەو مەڵبەندە نەوتی تیدایە .

وە لە ٧٠٪ تا ٧٥٪ بەرهەمی گشتی نەوتی عێراق لە کەرکوکە، بەپێ سەرچاوەکان چاڵە نەوتی کەرکوک کە درێژترین وگەورەترین چاڵە نەوتی جیهانە لە ناوچەی جەبەڵ لە شاری کەرکوک و ئەم چاڵە نەوتە (٢٢٢) چاڵە نەوتی تێدایە .

ئێستا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی کەرکوک بەرزبووتەوە بۆ ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاو لە رۆژێکدا ولە رێگەی بەندەری جیهانەوە بۆ بازارەکانی جیهان رەوانە دەکرێت.

لە گەڵ ئەوەیش کە زیاتر لە (١١٧٥٣) کارمەندی کۆمپانیای نەوتی باکوورن تەنها (٧٥٦) کارمەندی کورد هەیە .

### شاری قودس لە دیدی عەرەبەوە!!

سەرەتا یەکەمین قبلەی موسلمانان قودس بوو کە ئیستا مەککە و مەدینەوە سێهەمین زیارتگای موسڵمانانە،کەهەر لە سەردەمی کۆنەوە جێگەی تێروانین وبایەخی تایبەتی بووە .

پێگەی جوگرافی

شاری قودس دەکەوێتە ناوراستی فەلەستین، بۆ رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لە پاڵ زنجیرە چیایەک لاردەبێتەوە بەرەو رۆژئاوا و رۆژهەڵات .

لەسەر ئاستی دەریاوە نزیکەی ٧٥٠ م بەرزە ولە سەر ئاستی دەریای مردو و نزیکەی ١١٥٠م . لەسەر هێڵی ناوەڕاست دەکەوێتە دووراپی ٥٢کم لەدەریای ناوەڕاستەوە، ٢٢ کم لە دەریای مردووەوە، ٢٥٠کم لە دەریای سوور، لە عەمان ٨٨کم دوورە، لە بەیروت٣٨٨کم،لە دەمەشق٢٩٠کم.

### دروستبوونی شارەکە

رەگۆ وریشەی مێژووی دروستبونی قودس دەگەرێتەوە بۆ ( ئیلیا کوری ئارم کوری سام کوری نوح (د.خ) - ئیلیا یەکێکە لە ناوەکانی قودس، گوایە مەلیک سادق یەکێک لەپاشا یبوسییەکان کە ناودارترین هۆزی کەنعانیەکان ویەکەمین کەس بوونە شاری قودسیان دروستکردوە... ئەمەش لە ساڵی ٣٠٠٠ پ.ز . ناونرا بە یبوس و(مەلیک سادق) بەوە ناسراوە کە حەزی لە ئاشتیی بووە، هەر بۆیە دەوترا شاری (سالم، یاخود شالم یا ئاروشالم ) بەمانای بهێڵە شالم دروستی بکا، یان پێیان گوتووە شاری سالم پاشان دواتر بە ئۆرشلیم بەناوبانگ دەرکردوە، پێش ئەوەی ئیسرائیلیەکان وەریبگرنەوە ئەوانیش پێان گوتووە شاری سەهیۆن بە ناوی ئەو چیاییەی کە تێدایە، تا ناوی گۆرا بە قودس



وبەکە دواتربە بەیتول مۆقدس ناوزەد کرا کە مانای ماڵی خودایە. لەسەردەمی پێغەمبەر سلێمان (د.خ) قودس گەورەبووەوە وتێدا خانو وباڵەخانەی بەرز ی تیدا دروستکروە و حاکمرانی لە فوراتەوە تا میسر پەلی دەکێشا. پەیکەری سولێمان بە بەناوبانگترین شوێنەوار دادەنرێت، کە کەنعانییەکان دروستیانکردوە و وەک پەرستاگایەک .

شان عومەری کوری خەتاب چەند چاکسازییەکی تیدا ئەنجامداوە و ساڵی ٧٢ کۆچی عەبدولمەلیک کوری مەروان بە مەبەستی حەج کردن بۆ قودس قوبەی (گومبەزی) سەخرە ومزگەوتی ئەقسای تێدا دروستکرد.

- ساڵی ٤٢٥ کۆچی عەلی ئەبوحەسەنی خەلیفەی حەوتەمی فاتیمییەکان بریاریدا دیوارێک بۆ قودس دروست بکرێت لەدوای ئەو دیوارە و لەسەردەمی فاتیمییەکان یەکەمین نەخۆشخانەی گەورە لە قودس دروستکرا.

- ساڵی ٦٥١ کۆچی بەرامبەر ١٢٥٣ زاینی لە زەمانی مەمالیک دا قودس گرنگترین شوێنی زانست وفێربوون بووە .

- ساڵی ١٥٤٢ ز سوڵتان سولێمان ئەم دیوارەی ئێستای نۆژەنکردەوە کە بە دەوری شارە کۆنەکەیە و درێژییەکەی دەگاتە ٤٢٠٠ مەتر وبەرزییەکەی٤٠ پێ.

### ناسینی شوێنەکانی

زەوی شاری قودس لەکۆندا بیابان بووە، لە هەر سێ لای رۆژهەڵات وباشوور و رۆژئاوادا بە دۆڵ وچەم دەور دراوە، لای باکوور وباکووری رۆژئاوای شار والایە. هەروەها دەوروبەری بە شاخ تەنراوە بە چیای (مۆریا) مانای موختار دەگەێینێ (کە مزگەوتی ئەقسا وقوبەی سەخرەی لەسەر دروستکراوە و٧٧٠

مەتر بەرزییەکەیەتی)، چیای ( ئەکر) کە کڵێسای قیامەی لێیە، چیای (نەبریتا) نزیک لە دەروازەی ئەلساهرەیە وچیای (سەهیۆن) کە ناسراوە بە چیای داوود لە باشوری رۆژئاوای قودسی کۆنەو بە دیوارێک مۆڵ درابوو بە شێوەی چوارگۆشە بەبەرزایی ٤٠ پێ و٣٠ تاوەر (بورجی) لەسەرە و هەروەها ئەم دیوارە ٧ دەرگای هەیە:

١- دەرگای ئەلخەلیل ٢- دەرگای ئەلجدید ٣- دەرگای ئەلساهرە ٤- دەرگای ئەلمەغاربە ٥- دەرگای ئەلئەسبات ٦- دەرگای داوود ٧- دەرگای ئەلعامود .

چەم و دۆڵەکانی قودس

١- دۆڵی دۆزەخ - جەهنەم - ناوی کۆنی (قدرون ) وعەرەب پێدەڵێن دۆڵی سەلوان .

٢- دۆڵی ئەلرەبابە وناوی کۆنی هەنوم بووە .

٣- دۆڵی (ئەلواد) وپێدەڵێن (تیروبیون) ومانای دروستکەرانی پەنیر دەگەیێنێ .

### ئەوشاخانەی دەڕواننە قودس

١- شاخی ئەلمکەبر - دەکەوێتە باشووری قودس و بەرزی لوتکەکەی ٦٩٥ مەترە لەسەر ئاستی دەریاوە، لە تەنیشت ئەم شاخە گڵکۆی شێخ ئەحمەد ئەبی عەباس ناسراوبە (ئەبی شووری) لێیە .

٢- شاخی تور یا شاخی زەیتون : ٨٢٦ مەتر لەسەر ئاستی دەریاوە بەرزە، دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شارەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە حەزرەتی مەسیح (د.خ) لەسەر ئەم شاخەوە بۆ ئاسمان سەرکەوتبێ.

٣- شاخی مەشاریف . دەکەوێتە باکووری شاری قودس وهەروەها پێی دەڵێن (شاخی دیمەن) و رۆژئاواییەکان ناوی (شاخی سکوبس) یان لێناوە، بە ناوی فەرماندەیەکی رۆمانی.

٤- شاخی نەبی سەمویڵ: دەکەوێتە باکوری رۆژئاوایی قودس و٨٨٥ مەتر بەرزە لەسەر ئاستی دەریا .

٥- گردی ئەلعاسور : بەعل حاسور بە مانای گوندی بەعل، کە ١٠١٦ مەتر لەسەر ئاستی دەریا بەرزە و دەکەوێتە نێوان هەردوو گوندی (دێرجریر وسلور، کە لە چوار شاخە بەرزکەی فەڵەستینە .

- مەجیردین حەنبلی لە کۆتایی سەدەی نۆهەم وساڵی ٩٠٠ کۆچی وەسفی قودس دەکات و دەڵێ: « شارێکی مەزنە وبیناسازی پتەوی تیدایە و لە نێوان شاخ ودۆڵەکاندا و بەرزیەکاندا هەندێ خانوو و بینا هەییە وهەندێکیشیان لە نێو دۆڵەکاندان و زۆربەی ئەو خانوانەی لەبەرزیدان دەڕواننە سەر خانوە نزمەکان، هەندێ لە شەقامەکانی شارەکە تەخت وهەندێکیشیان چاڵ وچۆڵە، لە زۆر شوێن شارەکە خانوی کۆن هەییە کەلەسەری کۆنەکان بینای نوێ دروستکراوە،زۆربەی ماڵەکان بیر وعەمباری ئاوییان هەیە چونکە کەڵک لە ئاوی باران وەردەگرن»

### بازاڕەکانی قودس

بازاڕی لۆکەفرۆشەکان لە تەنیشت دەرگای مەسجیدیە لە رۆژئاوا وبازاڕێکی زۆر پێشکەوتووە کە نەموونەی لە زۆربەی وڵاتاندا نییە .

سێ بازاڕەکەی تر لە نزیک دەرگای میحراب ناسراو بە دەرگای خەلیل ولەلایەن رۆمەکانەوە دروستکراوە و یەکەمین بازاڕە، بازاڕی عەتارەکانە لە بەشی رۆژئاوای وخۆر ئاواییە.

### گەڕەکە ناسراوەکانی قودس

گەڕەکی مەغاربە، گەڕەکی شەرەف، گەڕەکی عەلم، گەڕەکی حیادرە، گەڕەکی سلەتین، گەڕەکی ریشە، گەڕەکی کوڕی بەنی حارس، گەڕەکی ئەلزوئیە .

### قەڵاکە:

قەڵایەکی مەزنە لای بەیتول مۆقدسەوە دیارە کە لە کۆندا پێیان دەوت میحرابی داود (د.خ)، لە نێو ئەم قەڵایەدا تاوەرێکی گەورە هەیە وپێدەڵێن بۆرجی داود، کە لەبیناسازی سولێمانی کۆنە، هەموو شەوێک لە نێوان مەغریب وعیشا تەپڵی لێدەدا بە پێی نەریتی (القلاع) لە وڵاتە .

### بیرە ئاوەکانی قودس

بیری ئەیوب نزیک لە عین سەلوان، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حەزرەتی ئەیوب (د.خ)

(کانی ) عین سەلوان، دەکەوێتە لای دیواری مەسجیدی خواروو، باس لە گرنگی ئەم کانییە وپێگەی دەکرێت .

### مزگەوتەکانی قودس

١- مزگەوتی ئەقسای پیرۆز، کە لە نێوندی سەخرەیەکی پیرۆزهەیە.

٢- مزگەوتی ئەلمەغاربە : دەکەوێتە لای رۆژئاوای مزگەوتی ئەقسا .

٣- مزگەوتی نەبی داود (د.خ) .

### گۆڕستانەکانی قودس

- گڵکۆی حەزرەتی موسا (د.خ) لە رۆژهەڵاتی بەیتوا مۆقدس.

- مەرقەدی حەزرەتی داوود (د.خ) ناسراو بە (جیسمانیە)لە رۆژهەڵاتی بەیتوا مۆقدس لە چەمەکە.

- گڵکۆی مەریەم (د.خ) لە کڵێسای جیسمانییە، لە ناو شاخی تورە لە دەرەوەی دەرگای ئەسبات .

- گۆڕستانی ئەلساهرە : شوێنێکە بە (ئەلبقیع) ناسراوە و موسڵمانانی تێدا دەنێژن، ئەلساهرە مانای وایە لەسەر ئەم خاکە شەونەخونی دەکرێت.

- گۆڕستانی باب رەحمە - لە تەنیشت دیواری مزگەوتی ئەقسایە .

- گۆڕستانی شەهیدان.

- گۆڕستانی مامەلا : گەورەترین گۆڕستانی وڵاتە .دەکەوێتە رۆژئاوای شاری قودس .

قۆتابخانە کانی قودس

زیاتر لە ٧٠ قۆتابخانەی دێرینی هەیە کە گرنگترینیان ئەمانەن:



قۆتابخانەی نەحو، قۆتابخانەی ناسریە، قۆتابخانەی تەزەکوریە، قۆتابخانەی بەلەدێ، قۆتابخانەی خاتونیە، قۆتابخانەی ئەرغوانیە ...هتد .

**کتێبخانەکانی:**

٣٤ کتێبخانەی هەیە ولێرەدا کتێبخانە دێرینەکان باس دەکەین -

- کتێبخانەی ئەلقەدیسی دلسۆز کە سالّی ١٥٥٨ ز دامەزراوە
- کتێبخانەی ئەلخەلیلی کە سالّی ١٧٢٥ ز دامەزراوە
- کتێبخانەی بەتریاکی ئەرسەدۆکسی کە سالّی ١٨٦٥ ز دامەزراوە
- کتێبخانەی خالیدیە کە سالّی ١٩٠٠ ز دامەزراوە

**مۆزەخانەکانی قودس:**

مۆزەخانەی حکومی بۆ شوێنەوار،لەسالّی ١٩٢٧ز دروستکراوە

مۆزەخانەی ئیسلامی: لە سالّی ١٩٢٣ ز لە لایەن ئەنجومەنی بالاّی ئیسلامییەوە دامەزراوە

**شوێنە دێرینەکانی تری قودس**

کلّێسای قیامەت،مارستان یاخود ( دەباغە)، بەندینخانەی مەسیح، ئەلجتسیمانی، رێگەی ئازارەکان، ئەلسەلاّحیە، مۆزەخانەی چیای زەیتون.

**قوبەکانی (گۆمبەزەکانی قودس)**

گۆمبەزی سەخرە، گۆمبەزی سلسلە، گۆمبەزی جبریل، گۆمبەزی رەسولّ، گۆمبەزی رساس، گۆمبەزی میعراج

**قودس لە دەفتەری بیرەوەری عەرەبەکاندا:**

- سالّی٣٠٠٠ پ.ز عەمرییەکان کۆچییان بۆ فەلّەستین کرد
- سالّی ١٩٠٠ پ.ز حەزرەتی ئیبراهیم خەلیل (د.خ) لە ئور کۆچی کرد بۆ فەلّەستین .
- سالّی ١٧٨٥ پ.ز کۆچکردنی ئەلهکسوس، لەو ماوەیەدا یەعقوبییەکان کۆچیان کرد بۆ میسر دەوروبەری لە سالّی ١٧٤٠ پ.ز
- سالّی١٢٩٠ پ.ز دەرچوونی حەزرەتی موسا (د.خ) لە میسرەوە بۆ فەلّەستین
- سالّی ١٠٠٣پ.ز حەزرەتی داوود (د.خ)ئۆرشەلیمی کردە پایتەختی خۆی وپاش ئەو سولێمانی کوری .
- سالّی ٧٢٢ پ.ز رۆخانی ئیسرائیل لە سەردەستی سەرجۆنی دووەمی ئاشوری .
- سالّی ٥٨٦ پ.ز رۆخانی یەهودا لەسە دەستی نەبوخزنەسری بابلی.

- ساڵی ٥٣٦ پ.ز کورشی هەخامەنشینەکان دەستی بەسەر بابل دا گرت و ڕێگەی بە گەڕانەوەی جوویەکان دا .
- ساڵی ٥٣٨ پ.ز هەخامەنشینەکان (فەڵەستین )یان گرت و کوورش هەڵسا بە نۆژەنکردنەوەی پەیکەرەکەی سولێمان وئاوەدانکردنەوەی شارەکە .
- ساڵی ٣٣٢ پ.ز ئەسکەندەری مەغدوونیە فەڵەستینی داگیرکرد ودوای مردنی لە ساڵی ٣٢٢ پ.ز پشێوی وڵاتی گرتەوە .
- ساڵی ٦٢ پ.ز ڕۆمانەکان فەڵەستینیان داگیرکرد
- ساڵی ٣٧ پ.ز ڕۆمانیەکان (هیرۆدۆسی ئەلدومی )یان کردە پاشای جەلیل وقودس تا ساڵی ٤ زایینی حوکمڕانی کرد ولەسەردەمی ئەودا حەزرەتی عیسای پێغەمبەر (د.خ) لە بەیتول لەحم لە دایک بوو.
- ساڵی ٧٠ ز لە قودس شەر و ئاژاوە ڕوویدا و تیتۆسی ڕۆمانی گەمارۆی دا و دەستیکرد بە کوشتن وسووتان ودزیکردن شارەکە وتەنانەت ئەو کڵێسایەی هیرۆدۆس دروستیکردبوو سوتێنرا .
- ساڵی ٣٢٤ ز فەڵەستین کەوتە ژێر داگیرکاری بیزنتینیەکان.
- لە شەعبانی ساڵی ٢ کۆچیدا قیبلە لە مزگەوتی ئەقساوە گوازراییەوە بۆ کەعبەی پیرۆز .
- ساڵی ٧ کۆچی بەرامبەر٦٢٩ زایینی هەرقلی ئیمپراتۆری بیزنتی توانی فارسەکان لە قودس دەربکات .
- ساڵی ٤٩٢ کۆچی ئەفزەڵی کوڕی بەدر وەزیری فاتیمیەکان قودسی گرت.
- ساڵی ٤٩٣کۆچی خاچپەرستەکان قودسیان گرت .
- ساڵی ٥٨٣ کۆچی بەرامبەر ١١٨٧ زایینی لەسەر دەستی سەلاحەدین ئەیوبی قودس لەژێر ڕکێفی خاچپەرستان دەرهێنرا لەشەڕی حەتین .
- ساڵی ٦٥٩ کۆچی/١٢٦٠ زایینی شەڕی (عین جالوت ) ڕووی دا ومەغولەکان تێکشکێنران
- ساڵی ٩٢٢ کۆچی سوڵتان (سەلیم پاشای عوسمانی ) قودسی گرت
- ساڵی ١٩٢٠ ز فەلەستین خرایە ژێر ئینتدابی بەریتانیا
- ساڵی ١٩٤٨ ز جوویەکان لە وڵاتانی دونیا گەڕانەوە بۆ فەڵەستین
- ساڵی ١٩٦٧ز جوویەکان دەستیان بەسەر تەواوی فەڵەستین وقودسدا گرت و کردیانەوە بە ئۆرشەلیم .
- ساڵی ١٩٨٠ ز لە ژێر دروشمی یەکخستنەوەی قودس لە ڕووی سیاسیەوە لکێنرایەوە بە دەوڵەتی بەریتانیا .

### قودس لە دیدی جوویەکانەوە

ئۆرشەلیم پایتەختی ئیسرائیلە و دەکەوێتە نێو دڵی ئیسرائیل لە ناوڕاستی چیاکانی یەهودا، بەرەدەڵانی کۆنی هەزاران ساڵ هێشتا دەبریقێتەوە، هەروەها شوێنە مێژوویە جۆراوجۆرەکان ومەرقەد ومەزارگە وپەرستگاکانی بایەخ وگرنگی تایبەتی بە ئۆرشەلیم داوە بە نیسبەت جووەوە دەسەلمێنن.

- لە پاش مردنی پاشا شاول (تالوت) داوودی پاشا دەسەڵاتی بەنی ئیسرائیلی گرتە دەست بۆماوەی ٤٠ ساڵ حوکمڕانی کرد و پایتەختەکەی ماوەیەک لە حەبرون (الخلیل) بوو،کە پاشان گواستیەوە بۆ ئۆرشەلیم.لەسەردەمی دەستەڵاتداری و حوکمڕانی داوود دا شەرو ئاژاوەیەکی زۆر ڕوویدا، لەوانە شەڕی نێوان ئیسرائیل ویبوسیەکان کە لە شاری ئۆرشەلیم نیشتەجێ بوون،.. حەزرەتی داوود بە سەر نەیارانیدا سەرکەوت ودواتر شاری ئۆرشەلیم کردی بە پایتەخت وناوی لێنا شاری داوود و هەروەها **ناویشی لێنا ((سەهیۆن))** .

دوای مردنی حەزرەتی داوود(د.خ) سلێمانی کوڕی فەرمانڕەوایی گرتە دەست ولەماوەی حوکمڕانیدا هەڵسا بە دروستکردنی بەیت مەقدسی یەکەم ودوای مردنی حەزرەتی سولێمان (د.خ) جڵەوی دەسەڵات گواسترایەوە بۆ دەستی کوڕەکەی بە بە ناوی (رحبعام) کە بووە پادشای بەنی ئیسرائیل، وسەبتای یهوژا وبنیامین پەیمانیان بۆنوێ کردەوە کە لە ناوچەی باشووری دەوروبەری ئۆرشەلیم نیشتەجێبوون. پاشان یربعام کوڕی نباگ بووە پاشای دە ئەسباتەکەی تر لە شاری شکیم (نابلس) کە بەم شێوەیە مەملەکەتەی بەنی ئیسرائیل دابەش بوو بەسەر دوو مەمەلەکەت، مەمەلەکەتی یەهودا لە گەڵ ئۆرشەلیمی پایتەختی تاکو ساڵی ٥٨٦ پ.ز بەردەوام بوو، دواتر لە سەر دەستی نەبوخز نەسری بابلی ڕوخا، دوای چوار سەدە لە بیناکردنی بەیتول مۆقدس وێرانکرا. بەنی ئیسرائیل گواسترانەوە بۆ بابل ونەبوخز نەسر دوورپانی خستەوە بۆماوەی ٥٠ ساڵ لە بابل ژیان. لە ساڵی ٥٣٩ پ.ز کۆرشی پاشای فارسەکان دەستی بەسەر وڵاتی بابل گرت وڕێگەی دا جوویەکان بگەڕێنەوە بۆ ئۆرشەلیم وە بەیتول مۆقدس دروست بکەنەوە تەنانەت لە ڕووی مادیشەوە هاوکاریشی کردن. لەگەڵ ئەمەشدا بەشێکی زۆر لە جوویەکان مانەوە ولەوێ ژیانیان پێکهێنابوو ونەگەڕانەوە بۆ خاکی ئیسرائیل .کە ئەو کاتەی ڕۆمانەکان حوکمڕانی خاکی ئیسرائیلیان دەکرد، جوویەکان لە دەسەڵاتی ڕۆمانی یاخی بوون، لە ساڵی ٦٦ ز تیتوس فەرماندەی ڕۆمانییەکان هات وشەڕی جوویەکانی بەرپاکرد لە ساڵی ٧٠ ز هاتە ناو ئۆرشەلیم وبەیتول مەقدسی دووەمی تێکوپێکدا.

### قودس لە ئەنسکلۆپیدیای ئازاد (ویکیپیدیا)

قودس لە ڕووی پانتایی و ژمارەی دانیشتوان گەورەترین شاری دێرینی فەڵەستینە، وبایەخترینە لە ڕووی ئاینی وئابوورییەوە، عەرەبە فەڵەستینیەکان بە پایتەختی ئایندەی فەڵەستینی دادەنێن، هەروەک پەیماننامەی ڕاگەیەندراوی سەربەخۆیی فەڵەستین هاتووە کە( لە جزائیر و لە بەرواری ١٥ نۆڤەمبەری ١٩٨٨ سازکرا . هەروەها ئیسرائیل بە پایتەختی یەکگرتووی خۆی دایدەنێت، لە دوای ئەوەی بەشی ڕۆژهەڵاتی قودس لە ساڵی ١٩٨٠ خستە سەر ئیدارەی خۆی پاشان دوای شەڕی ١٩٦٧ داگیریکرد وتاکو ئێستا ڕێکراوی نێودەوڵەتی نەتەوەیەکگرتووەکان دان بە قودسدا نانێن وەکو پایتەختی ئیسرائیل، لە هەمانکاتدا قودسی ڕۆژهەڵات بە بەشێک لە خاکی فەلەستین دادەنرێت نەک بە پەتەختی ئیسرائیل.

کەنیسەت( پەرلەمانی ئیسرائیل) لە ٣١ یۆلیۆی ١٩٨٠ بڕیاری یاسای بنەڕەتی دەرکرد کە قودس پایتەختی ئیسرائیلە لە چوارچێوەی ئەو سنوورەی کە حکومەتی ئیسرائیل ساڵی ١٩٦٧ دیاریکردوە.

ژمارەی دانیشتوانی قودس دەگاتە ٧٢٤٠٠٠ کەس ( بەپێی سەرژمێرییەکانی ٢٤ مایۆی ٢٠٠٦ ) لە چوارچێوەی پانتایی ١٢٣کیلۆمەتر دووجا کە لە نێوان سنووری ئیدارەی شارەوانی ئیسرائیل وەک حکومەتی ئیسرائیل لە یونیۆی



ئۆرشەلیم لە داهاتوودا دەبێتە پایتەختی ئیسرائیل

١٩٦٧دەستنیشانی کراوە، ئەم ئامارە دانیشتوانی قودسی رۆژئاواش دەگرێتەوە.

هەروەها لەوئەنیسکلوپیدیایەدا هاتووە : قودس بە شارێکی پیرۆزی هەرسێ ئایینە یەکتاپەرستیەکە دادەنرێت، ئیسلام، کریستان، یەهودیەت.

بەلای موسڵمانان شاری قودس پیرۆزترین مزگەوت لە خۆ دەگرێت ئەویش مزگەوتی ئەقسایە کە سێهەمین وپیرۆزترین مزگەتی موسڵمانان ویەکەمین هەردوو قیبلەیە بە لای موسڵمانانەوە ـ پێش ئەوەی ئاڕاستەی نوێژکردن بەروە کەعبە بگۆڕدرێ، بەپێی بیرو باوەری موسڵمانان لەم قودسەوە پێغەمبەر خودا حەزرەتی محمد (د.خ) چووە بۆ ئاسمان .

بەنیسبەت کرستیانەکان قودس شوێنی کڵیسای قیامەیە کە لە خاچ دانی مەسیحی بە خۆوەوەبینی وقیامەتەکەشی هەر لێرەوەییە بەپێی (باوەڕی کرستیانەکان) بە هەمان شێوەش قودس یا ئۆرشەلیم بەلای جوویەکانەوە پیرۆزی خۆی هەیە، لە سـەدەی چوارەمی پێش زایین، ئاینی یەهودیەت گرنگترین نوێژەکانیان دەبێت ئاڕاستەی قودسدا بێت.. بۆیە ئەم گرنگیدانەو پیرۆزییەی ئەم سێ لایەنە وا لەم شارە دەکا هەمیشە بەدرێژایی مێژوو ناوەندی پڕ بایەخی هەموو پەیڕەوانی ئایینە یەکتاپەرستیەکان بێت.

## پوختەی باسەکە

هەڵبەت کەرکوک وقودس دووشار، چەندان زمان وئایین ومەزهەب ونەتەوە و کلتوور وکەمینەی تێدا دەژی، کۆڵان وگەڕەکاکان وشوێنەوارەکان وشەقام وبازاڕەکانی وانەیەکمان پێدەڵێن کە ئەم دوو شارە گەنجینەی دەستی مرۆڤایەتی ودیاری خودان لە سەر زەوی. نەموونەی بەرهەمی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەن، ئەوەش دەسەلمێ بێ باوەڕ بوون بە مافی بەرامبەر ئاشتی شتێکی مەحاڵە.

بۆیە دەبێت بە هەموو جیاوازییەکانمانەوە پێکەوە هەڵکەین وبەڵێن خەڵکی کەرکوک قودسین، بەدەر لە ئایدیا وئینتمای تایفی وئاینی ونەتەوەیی،رەنگە دەقاودەق ئەمە بۆ باری کۆمەڵایەتی راست بێ،بەڵام ئەدی بۆ باری سیاسی چی؟. بێگومان سیاسەت رۆڵی سەلبی بینیوە لە شێواندنی راستیەکانی ئەم دوو شارە مەزنە، کە خاڵی هاوبەشیان لە رووی فرە ئێتنیک وفرەکلتووری و... هتد زۆرە. دەکرێ سیاسیەکانیش عیبرەت لەمێژووی ئەم دوو شارە مەزن وپیرۆزە وەرگرن ...بۆ نا .

چەند جوان ئەو تابلۆیە کە لەسەر یەک شەقام مزگەوتێک وکڵیسایەک بەسەدان ساڵ باڵایان بـەرزە، یان پەرستەشگایەک ومەزارگەیەک، یان لە کۆڵانیکدا ماڵێکی کورد وماڵێکی تورکمان یا موسڵمانێک وجوویەک دراوسێی یەک بن ومیوانی سەر یەک سفرە بن .

سەبارەت بە کەرکوک راستیەک هەیە ئەویش بە هۆی دەوڵەمەندی لە سامانە سروشتیەکەیەوە وەک پەترۆڵ، ترسی وڵاتانی دەوروبەر لەوەی کە کورد دەست بەسەر کەرکوکدا بگرێ، بێ خەبەر لەوەی دوای پرۆسەی ئازادی کەرکوک لە ٢٠٠٣ و شارەکانی تری عێراق، دەرکەوت کە کوردستان پڕە لە چاڵە نەوت وکەرکوکیش تەنها لە بەر نەوت نییە کورد داکۆکی سەرسەختانەی لێدەکات، بەڵکو شارێکی دێرینی کوردستانە وهەموو حەقایقە مێژوویی وجوگرافیەکان ئەو دەسەلمێنن، لەرووی سیاسیشەوە کەرکوک هەمیشە ئاگردانی شۆڕشەکان بووە، بەسەدان رۆڵەی قارەمانی بەخشیوە بە شۆرش و خەبات،جگە لەوەی کەرکوک خاڵی ناکۆکی و سازشنەکردنی سەرکردایەتی کوردبووە لە دانوستانەکانی لە گەڵ رژێمەکانی عێراق بەگشتی و رژێمی بەعس بەتایبەتی. کورد سەرباری ئەوەی رووبـەرووی جینۆساید وکیمیاباران و تەعریب کردنی بەشێکی زۆری



خاکەکەی بوەتەوە، کۆڵی نەدا بۆ رژیمی عەفەلەقی، تەنها لە پرۆسەکانی ئەنفالدا ١٨٢هەزار کورد لە گۆڕەبەکۆمەڵەکانی ناوەڕاست وباشووری عێراق بێ سەروشوێنکران.

دوای رزگارکردنی عێراق نزیکەی ٣٠٠ گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەوە وکە روفاتی هەزاران رۆڵەکانی کورد تێدا بوو.هەڵبەت پرۆسەکە گەرمیان وکەرکوکی گرتەوە کە لە ١٧ و١٨ شوباتەوە هێرشەکان دەستیان پێکرد تا ١٩٨٨/١٥ لە درێژەی ئەو ماوەییەدا زیانی گەورەی مادی وگیانی بە خەڵکی کوردستان کەوت، تەنها لە بەشێکی ناوچەی کەرکوک .٥٧٠ هەزار تۆن دانەوێلە سوتێنران،و (٤٥٧٧٧) خێزان ئاوارە ودەربەدەر وبێ سەر وشوێن کران،و ٣٩١٧٨ خانوو،٣٨١ قوتابخانە، ٦٥٧ مزگەوت،٩ بنکەی تەندروستی،٧٨١ گوند سوتێنران . ٤٧٢٧٧٠ سەرمەڕومالات، ١٥ هەزار رەشەولاخ تالان کران، ١٤٣٥ رەزوباخ وێرانکران، ٥٢ عەمارئاوا وماتۆری ئاو لەناوچوون، ٤٧ ماکینەی ئاش، ٣١٥ ئەستێڵ تەقێنرانەوە، ١٥٧ تەکیە وخانەقا وشوێنەواری ئاینی وێرانکران .)

رژێمی بەعس بە داهاتی نەتی کەرکوک چەک وپێداویستی سەرزبازی دەکڕی تاوەکو بەرامبەر بەگەلی کوردی شەڕ بکات و سەرکەتوو بێت هەرچەندە ورەو ئیرادەی رۆڵەکانی کورد بەهێزتر بوو،حکومەتی سەدام شەڕی بەم وبەو دەفرۆشت و سەدان وهەزاران خانەوادەی بەڕەسەن کەرکوکی لە لایەن دامودەزگا داپلوسێنەرەکانیەوە نەفی شارەکانی ناوەڕاست وباشوورکران، یا بۆ شارەکانی هەرێم دەرکران کە زۆربیەیان تەنانەت تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە، سیاسەتێکی تری رژێمی بەعس دەرکرکردنی جووتیارە کوردەکان بوو لە کەرکوک ودەوروبەری و داگیرکردنی زەوییەکانیان وبەخشینی بە عەرەبی هاوردە، کە ئێستاش گەورەترین کێشەیە لە ناوچە جێناکۆکەکان، لە کونفرانسێکدا کە رێکخراوە دیموکراتی وپیشەییەکان کەرکوکی (ینک) بۆ مادەی سەدوچل رێکیخستبوو لە بەرواری ٢٠٠٦/١٢/٢٣ لە کەرکوک، مەهدی کاکەیی بەرێوبەری کشتوکاڵی کەرکوک ئاماژەی بە گەورەیی وقەبارەی کێشەی موڵکداریی دا لە کەرکوک بە پێی زانیارییەکانی :

لە کەرکوک ٣٦هەزار و٧٠٠ سەد سکالای کێشەی موڵکداری تۆمار کراوە، ئەمە جگە لەوەی کێشەگەلێکی زۆرتر ی موڵکداری هەیە، کە هێشتا تۆمار نەکراون، یا کاریان بۆ نەکراوە .

ـ لە شوان (١٤٠٠٠).لە کەرکوک ٨٠٠٠ ولە لەیلان ١١٠٠٠ ولە داقوق ١٢٠٠٠ کێشەی موڵکداری زەوی وزار هەیە، حکومەتی عێراقی کاتی خۆی هەڵساوە بە فرۆشتنی زەوییەکانی کورد،تەنها لە داقوق ١٤٠٠٠ دۆنم زەوی جوتیارانی کورد فرۆشراوە، هەروەها ٣٠٠ هەزار دۆنم ئیستملاک کراوە بە سەر عەربەکاندا، و٩٠٠ هەزاردۆنم بە ناوی خاوەنەکانیانەوە کوژێنراونەتەوە و حکومەت خۆی سەرپشک بووە لەمامەڵەکردیان.

دوای هەموو ئەم راستیانەی سەرەوە دیارە کەرکوک چەند غەدری لێکراوە وچەند بریندارکراوە وهێشتا تیرۆستان رۆژانە بە کردەوەی تیرۆریستی لە شەقامەکانی شار چەندین رۆلەی لە پێکهاتەکانی کەرکوک شەهید کراون، بەڵام خەڵکی رەسەنی کەرکوک، کەرکوک نادەن بە دەستەوە، نایکەنە کۆترێکی باڵکراو، پێویستە وڵاتانی عەرەبی وتورکیا وئەوانی تریش بە خۆیاندا بچنەوە و ئەو راستیش بزانن و کوردستانبونی کەرکوک قبوڵ بکەن، خۆ ئەگەر دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ لەبەرچاوبگرن،دەبیت عیبرەتێی بۆ ئەوانە کە حاشا لە کوردستانی بوون کەرکوک دەکەن، لەکاتێکدا شارەکانی دووز وکەلار وچەمەچەماڵ وکفری هێشتا نەگەڕاونەتەوەسەر کەرکوک، کورد رێژەی پتر لە ٦٤٪ هێنا ...

ئێمەی کورد لە پێناو ئازادی وئاشتی هەزاران قۆربانیمان داوە ولەم رێگەیەدا تێدەکۆشین تا بەدەستهێنانی ئامانجەکانمان..تەنانەت ئەگەر ئەم نەوەیەش نەتوانن بەدی بهێنن بەدڵنیاییەوە نەوەکانی دوای ئێمە سەردەکەون. لە بەرامبەریشدا بڕوامان بە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکانشارەکە هەیە.لەم سۆنگەیەوە کەرکوک وقودس دەشێ لەبری ئەوەی ببنە جێی ململانێ، ببنە پایتەختی ئاشتی وکلتووری پێکەوە ژیانی لە رۆژهەلاتی ناوین .


**سەرچاوەکان:**

١ـ کورد وکەرکوک ـ لەتیف فاتیح فەرەج

٢ـ التنوع الاپنی والدینی فی کرکوک ـ محمد حسین محمد شوانی

٣ـ گۆڤاری کەرکوک ژمارە ـ ٤٠ وژمارە ١٠

٤ـ گۆڤاری نەوشەفەق ژمارە ٢٧

٥ـ گۆڤاری بانە رۆژ ـ ژمارە ٦

٦ـ هەفتەنامەی هەواڵ ـ ژمارە ٤٠٢

٧ـ گۆڤاری دەنگ ژمارە ٥

٧ـ سایتی www.3Nazh.com

٨ـ سایتی www.yahoodi1.com

٩ـ سایتی www.marefa.org

١٠ـ www.wikipedia.org



لێکۆڵینەوە: عوسمانی شێخ
mhedien@yahoo.com

# کورد و جوو
# دوو نەتەوەی خاوەن یەک چیرۆک



ڕەنگە ئەو کوردانەی کە شارەزاییان نییە لە سەر مێژووی جوو بەڵێن ئاخۆ دەبێت ئەو چیرۆکە چی بێت کە هەریەکە لە کورد و جوو تێیدا هاوبەشن. هەروەها جوویەکانیش ڕەنگە ئەوەندە شارەزاییان نەبێت و کە دیسانەوە هەڵوەستەیەک بکەن لەسەر ئەو جۆرە ناونیشانە.

بەڵام من لێرەدا دەمەوێت هەردوو گەلی کورد و جوو لە چەند شتێکدا بەیەکەوە کۆبکەمەوە کە بەتەواوی لەیەک دەچن.

ئـــەوەی کــە زۆر کــاری تێکردم، هــەردوو فیلمی (Life is Beautiful) و (The Pianist) بوو کە هەردووکیان باس لە ئێش و ئازاری گەلی جوو دەکەن لەسەر دەستی نازییەکان لە جەنگی دووەمی جەنگی جیهان دا.

فیلمی لایف ئز بیوتیفوڵ، باس لە هەوڵەکانی باوکێک دەکات بۆ ڕزگارکردنی کوڕەکەی لەیەکێ لە کامپەکاندا (Concentration Camp) کە نازییەکان دروستیان کردبوو، ژمارەیەکی زۆر خەڵکیان ڕاپێچی ئەو کامپەکانکرد بوو، کە ئەو بەندیانەی نیو کامپەکان زۆرینەیانی لە جوویەکان پێکدهات. بۆیە کامپەکانی د ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە هۆلۆکۆستدا. ئەو کامپانەیش بە کامپی مەرگ ناسراون.

هەروەها فیلمی پیانیست (The Pianist) باس لە ڕزگار بوونی پیاوێک دەکات لە یەکێک لە گیتۆکانی (کەڕەکی جوولەکە نشین) لە پۆلەندا دا. کە پیانیستیکی کلاسیکیی جووە و بە قەزاو قەدەر ڕزگاری دەبێت لە دەستی نازییەکان لە کاتی جەنگی دووەمی جیهان دا.

من لێرەدا نامەوێت باس لەو دوو فیلمە بکەم، بەڵکو ئیلهامی سەرەکی بوون بۆ ئەم نووسینەم و توانیم لەو دوو فیلمەوە دیارتین نەهامەتییەکانی گەلی جوو ببینم کە دەقاودەق وەک ئەو باروودۆخە ناهەموارەیە کە کوردی پێدا تێپەڕیوە. چونکە کاتێک حزبی بەعسی و سەدامی تەواوی گوندەکانی کوردستانی عێراقی ڕووخان، جگە لەوەش زیاتر لە سەدو هەشتا و دوو هەزار مناڵ و پیرو گەنج و ژن و پیاوی کوردی ڕاپێچی کامپە سەربازییەکانی مەرگ کرد و ئەنفالی کردن. ئەوانەشی کەمانەوە لە ئۆردوگا زۆرە ملێکاندا نیشتەجێ کران کە بریتی بوون لە چوار دیوار و هیچی تر. وەک من بەبیرم دێ هەندێ لە خانووەکان سەریان نەگیرابوون، یان بە واتایەکی تر هیچ هۆیەکی ژیان لە تەواوی ئەو ئۆردوگایانەدا نەبوو. واتە دەتوانم بەڵێم ڕژیمی بەعس و سەدام دوو جۆرە کامپی کردبووەوە بۆ کوردەکان: یەکێکیان ئەوەی لە جۆری نوگرەسەلمان و تۆپزاوا بوو لە باکوور و ناوەڕاستی عیراقدا، کە ئەوانەی چوونە ئەوێ بە هەمان شێوەی کامپەکانەکانی مەرگ، کە نازییەکان دروستیان کردبوو، کوژران یان زیندە بەچاڵکران یان لەبرساو لە نەخۆشیدا مردن. بەڵام جۆرێکی دیکەی ئۆردووگایان ئەو ئۆردووگایانە بوون کە خەڵکەکەی هەرچۆنێ بێ لە دەستی ئەنفال ڕزگاریان ببوو، دیسانەوە حکومەتی بەعس، بەهەموو شێوەیە ئازاری

سایکۆلۆجیی و جەستەیی دەدان. دواتریش بەتێرو تەسەلی دێینە سەر هەریەکەیان، کە بەزۆری خەڵکی ئەو ناوچانەی تێدا بوو کە ئێستا پێی دەلێن ناوچە جێ ناکۆکەکان، یان ئەو شوێنانەی کە سەدام کردبوونی بە ناوچەی قەدەغەکراو بەبیانوونی پاراستنی ئەمنییەت، وەک ئۆردوگای شۆڕش لە نزیک چەمچەماڵ کە دەکەوێتە دووریی نزیکەی پەنجا کیلۆمەتر لەشاری کەرکوکەوە، ئۆردووگای سەمود لە نزیک کەلار، کە ناوچەرگەی گەرمیانە. من لێرە بەدواوە دەچمە سەر بابەتێک کەهەریەکە لە گەلی کورد و جوو پێکەوە کۆدەکاتەوە و لوتکەی مەرگەساتەکانیان پێشان دەدا.

## کەمپەکانی مەرگ بۆ جینۆسایدکردنی جوو:

لێرەدا هەریەکە لە کەمپەکانی مەرگ یاخود ئەوەی پێی دەوترێت سەربازگەکانی دەسبەسەرکرد و گیتۆ دەخەینەڕوو، دواتریش ئاماژە بەو ئۆردووگایانە دەکەم کە بەعس بۆ کوردەکانی دروست کردبوو لەسەر شێوەی گیتۆکان، ئەمە سەرەڕای کامپەکانی مەرگ لە جۆری نوگرە سەلامان و تۆپزاوا.

مەبەست لە کەمپەکانی مەرگ (Death Camp) ئەو کەمپانە بوون کە نازییەکان دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٣٣ کە ئەڵمانیا دەسەڵاتیان گرتەدەست دەستیانکرد بە دروستکردنیان بۆ لە ناوبردنی جوویەکان لەچوارچێوەی کارەساتی هۆلۆکۆستدا، ئەوانەیش بریتیبوون هەریەکە لە کەمپەکانی دەستگیرکردن (Concentration Camp) و کەمپەکانی لەناوبردن (Extermination Camp). هەروەها دواتر لەجەنگی دووەمی جیهاندا لەتەواوی ئەو شێونانەی کە نازییەکان دەسەڵاتیان گرتبووە دەست، لە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا دروستیان کردبوون. لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهاندا زیاتر لە شەش ملیۆن مرۆڤ لەو کەمپانە دا لەناوبران. زۆربەی هەرە زۆریشیان جوو بوون، ئەمە سەرەڕای قەرەجەکان و ئەو سەربازە رووسیانەی کە لە جەنگدا گیرا بوون، هاوکات ئەوانەشی کە لە رووی عەقڵییەوە ناتەواو بوون. ئەو کردەوە دڕندانەیەش بەشێک بوو لە پرۆسەی جینۆسایدکردنی جوو، لە چوارچێوەی هۆلۆکۆستدا. کە واتە کامپەکانی مەرگ ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە هۆلۆکۆستدا.

ئەو کەمپانە بەشێوەیەک زۆر توندی سەربازی سەرپەرشتیی و چاودێریی دەکران. ئەوانەی کەتێدا بوون بەزۆر کاریان پێدەکرا. ئەوانەشی کە نەیانتوانیایە کاربکەن بەڕێگەی جۆراوجۆری دڕندانە و نامرۆڤانە دەکوژران، وەک تەقەلێکردن، بەکارهێنانی گازی ژەهراویی، یان بە دەرزی. هەروەها خەڵکانی ئەو کەمپانە، وەک ئاژەڵ، بۆ تاقیگەیش بەکاردەهێنران و تاقیکردنەوەی جۆراوجۆریان لەسەر دەکرا. ئەوانەشی کە لەبرسا و بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە دەمردن، لە ڕێگەی میحرەقەوە، دەسوتێنران.

## گیتۆ لە یادەوەریی جوویەکاندا:

بەڵام هەرچی گیتۆ (Ghetto) کانە ئەو گەڕەکانە بوون کە جوولەکانی بەزۆر تێدا ئاخێنرابوون، لەچوارچێوەی سیاسەتێکی رەگەزپەرستیی دابوو کە ئەوانیش بۆ چەند سەردەمێکی جیاجیا دەگەڕێنەوە. کۆنترین گیتۆ لە مەغریب-ی موسڵماننشین دروستکرا بۆ جوویەکان لەساڵی ١٢٨٠ دا و بەزۆر جوویەکانی تێکدا نیشتەجێکرا، کەناوی لێنرا میلاس (millahs). هەروەها لە سەدەی چوارده و پانزەیشدا لە ئەوروپادا بە بڕیاری پاپا لە ئیتاڵیا دروستکران، لە چوارچێوەی سیاسەتێکی دەمارگیریی. پاشان دوای ئەوە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا بەهەمان شێوە گیتۆ دروستکران. دواتر لەسایەی شۆڕشی فەرەنسی و بزووتنەوە لیبراڵییەکاندا لە ئەوروپا و سەدەی نۆزدەدا گیتۆکان ڕۆخێنران، بەڵام لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا لەو وڵاتانەی کە لەژێر دەسەڵاتی هیتلەردا بوون دیسانەوە لە جاران زیاتر گیتۆکان دروستکرانەوە. ئەویش لە چوارچێوەی هەوڵەکانی نازییەکان بۆ جینۆسایدکردنی جوویەکان.

کەواتە گیتۆکان بەیەکێ لە یادەوەرییە پڕ مەینەتییەکانی جوو دێتە هەژمار کردن. کە لەسەر هاوشێوەی ئەم گیتۆیانە لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی رابردویشدا، حکومەتی حزبی بەعسی عەرەبی چەندین ئۆردووگای هاوشێوەی ئەوەی دروستکرد و ئەو کوردانەی بەزۆر تێدا نیشتەجیکرد کە بەقەزاو قەدەر رزگاریان بوو لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی بەدناودا.

## کەمپەکانی مەرگ لەکاتی ئەنفالدا بۆ جیۆسایدکردنی کورد:

بەهەمان شێوەی کامپەکانی مەرگ هەروەک لە پێشەوە ئاماژەم پێکردن لە کەلەکاتی پاکتاوکردن و جینۆسایدکردنی گەلی جوو، لەلایەن نازییەکانەوە لە چوارچێوەی هۆلۆکۆستدا دروستکرابوون، حزبی بەعسی عەرەبیش لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا چەندین کەمپی هاوشێوەی نازییەکانیان دروست کرد کە دەتوانم بەلێم لەو کردەوە دڕندانەو نامرۆڤانەیەدا ئیلهامی لە نازییەکانەوە وەرگرتبوو.

ئۆپەراسیونی ئەنفال بریتییە لە پرۆسەی جینوسایدکردنی کورد لە عێراقدا، لەلایەن حزبی بەعسی عەرەبییەوە، کە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابـردوودا ئەنجامیدا. ئەو کردەوەیەشی بە هەشت قۆناغ و بە بەرچاوی تەواوی عەرەبەوە ئەنجامدا کە زیاتر لە ١٨٢ هەزار مرۆڤی کوردی بە دڕندانەترین شێوە لە ناوبردوو کردنییە ناو گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە.

ئەو کوردانەی کەلە ئەنفالدا دەستگیرکران لەلایەن دەسەڵاتەکەی بەعسەوە بەکۆمەڵ لە چەند شوێنێکی جیاواز کۆ دەکرانەوە بەبێ نان ئاو هیچ هۆیەکی ژیـان، ئەمە سـەرەڕای ئـەوەی ژن و پیاو و منداڵەکانیان لێ جودادەکردنەوە، دواتر هەندێ لەو ئافرەتانەی کە دەستگیرکرابوون وەک دیاریی بەخشرانە شێخە عەرەبەکان و هەندێکی



دیمەنێک لە کەمپەکانی هۆلۆکۆست

دیکەیان فرۆشرانە یانەکانی وڵاتانی عەرەبی بۆ لەشفرۆشیی. هەروەها هەر لەنێو کەمپەکاندایشدا ئافرەت هەڵدەبژێردران و لەلایەن پیاوانی ئەمنیی بەعسەوە رووبەری دەستدرێژی سیکسیی دەبوونەوە. چەندین شایەتحاڵیش هەیە لەسەر ئەو کردەوانە.

ئەوانەی کە لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا دەستگیرکران بۆ چەندین کەمپی سەربازیی ئامادە کراو بۆ ئەمەبەستە رەوانە کران، لەوانە تۆپزاوا لە نزیک کەرکوک و نوگرەسەلمان و چەندین کەمپی هاوشێوەی دیکە، کە هاوشێوەی کامپەکانی مەرگی یەهوود بوون و بە لووتکەی نەهامەتی گەلی کورد دێنە هەژمارکردن. دواتر تەواوی ئەو کەسانەی کە راپێچی ئەو کەمپانە کران بەدڕندانەترین شێوە خرانە ژێر خۆڵەوە. ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی کە ئێستا لە ناوەڕاست و باکووری عیراقدا دەدۆزرێنەوە ئەو راستیی دەسەلمێنێت. شێوازی کوشتنەکانیش بریتی بوون لە هەریەکە لە، کوشتن لەبرسا، بەنەخۆشیی مردن، مردن بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە، گولەباران کردن، زیندە بەچاڵکردنی بەکۆمەڵەکان. هەندێک لەوانەی کە بەقەزاو قەدەر رزگاریان بوو کە من لەکەس و کاری خۆمەوە گوێم لێ بوون، دەگێڕنەوەو دەڵێن: »ئەوانەی لەوێ دەمردن رێگەیان پێنەدەدان کە بیاننێژین، بۆیە ناچار لەو بیابانە تۆزێ لم مان دەدا بەسەریاندا و دوای کەمیک ئەندامەکانی لەشی ئەو مردووانەمان بەدەم سەگەکانەوە دەبینی.«

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەنزیمەی عەرەبی هەندێکیان بەئاشکرا دەستخۆشیان لەو کردەوانەی رژێمەکەی سەدام کرد و هەندێکیشیان بێدەنگ بوون، کە بێدەنگیش بۆخۆی لەو حاڵەتەدا نیشانەی رازیبوونە. لە هەمووی کارەساتتر هاووڵاتیان و رۆشنبیران و نوسەران و کەسانی ئاینی ئیسلام و رۆژنامەنووسان و ئەدبیانی عـەرەب دیسانەوە



ئەو وێنەیەی ئەنفالی کوردی بە جیهان ناساند

خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەو کارەساتە دەربڕی و بەهەموو شێوەیەک لایەنگریی سیاسەتە نازییە-فاشییەکانی سەدام و بەعسیان دەکرد و هەندێکی دیکەیان بێدەنگ بوون. ئەوەش لای ئێمە عەرەبی لە تەواوی وڵاتانی عەرەبی خستە ژێر پرسیارەوە، کە بۆچی لەکاتێکدا بینیان گەلی کورد لە عیراقدا کە وەک خۆیان موسڵمانە ئەنفال دەکرێت و تەنانەت وشەیەکیش لەو بارەیەوە ناڵێن؟ هاوکات وڵاتانی دیکەی ئیسلامیش دیسانەوە بێ دەنگ بوون لەبەرامبەر ئەو کردەوەیەدا، خۆ ئەگەر پاساویان ئەوەیە کە ئەوەکاتە ئەو کارەساتەیان ئاگا لێ نەبووە خۆ ئێستا ئاگاداران کەچی هەر دەنگیان نییە. بەڵام لێرەدا نابێ رۆڵی هەندێ نوسەر و رۆشنبیری عەرەبمان لەبەرچاو نەبێت کە ژمارەیان زۆر کەمە، لەجۆری کەنعان مەکییە و دکتۆر مونزر لفەزل چەند رۆشنبیرو و نووسەرێکی دیکەی عەرەب. یەکێک لە نوێترین کاردانەوەی سلبیی رۆشنبیریی عەرەبیی بەرامبەر بەکورد ئەوە بوو، راپۆرتێک کە من وەک رۆژنامەنووسێک لە گۆڤاری (ئیسرائیل-کورد) بڵاومکردبووەوە و رۆژنامەی قودس لعەرەبیش وەریگێڕابووە سەر زمانی عەرەبی و داوی ئەوانیش لەدەیان سایتی دیکەی عەرەبی دابەزێنرا. بەڵام ئەو رستە و پەرەگرافانەیان لێوە رگێڕابووە عەرەبی کە خۆیان دەیانەوێ، خۆشیان ناونیشان و پێشەکییەکیان بۆی نووسی بوو کە پڕ بوو لە رق و کینە و شۆڤێنیزم و دەمارگیریی و نەتەوەپەرستیی...هتد لەبەرامبەر کورد دا. ئەمە لەکاتێکدا کورد هەمیشە هەڵوێستی ئیجابی هەبووە بۆچارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین و خوازیارین مافی خۆیان وەربگرن. سەرنووسەری ئەم رۆژنامەیەش بەڕێز عەبدلباری عەتوانە، کە جاری دیکەیش هەڵوێستی سلبی دیکەی هەبووە لەبەرامبەر گەلی کورد دا. بۆ نەموونە دەوروویـەری دوو ساڵ بەر لەئێستایش هەر عەبدلباری عەتوان بوو، لەبەرنامەی (چد ئەلتار)، کە لە کەناڵی رۆتانادا پەخش دەکرا، کاتێک بێژەرەکە پرسیاری لێکرد ئایا لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدای لە باکووری عێراق؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی نەخێر. ئەمەش دووفاقی هەڵوێستی ئەو نیشان دەدا کە لەولاوە داوای دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستینی دەکات و وا نیشان دەدا کە دژی زوڵملێکراوانە، کەچی ئەو مافە بۆ کورد بە ڕەوا نابینێت، سەرەڕای ئەوەی کە دەشزانێ دەسەڵاتی عەرەبیی عێراق دنیایەک نەهامەتی بەسەر کورد دا هێناوە.

خزمێکی نزیکی خۆم بۆی باسکردم، وتی لەکاتێکدا کە خرابووینە ناو ئۆتۆمبیلە سەربازییەکانەوە و بەرەو کامپەکانی مەرگ دەبراین لەکاتی



ئا: کاروان محەمەد تەیب
Karwan_tayib@yahoo.com

ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا، ئا لەو کاتەدا بەهەر شوێنێکدا تێپەڕبووینایە کاتێک عەرەبەکان دەیانبینین، بەکۆمەڵ، وەک خۆشحاڵیی دەربڕینێک هەلهەلەیان لێدەدا. من لێرەدا پرسیارێک دەکەم، ئایا ئەو ئەخلاق و ویژدانە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە لەکاتێکدا بزانی ئینسانگەلێک کە هاوئاین و هاو نیشتماننتن و دەبرێن بۆ کوشتن و زیندە بەچاڵکردن کەچی تۆ خۆشحاڵی دەربـڕی؟! بۆیە لێرەدا بەگرنگی دەزانـم کە هاووڵاتیانی یەهود و دنیا ئەو ڕاستییانە بزانن کە ئاماژەمپێکردن. هەرچەندە ئەوەی باسم کرد تەنها دڵۆپێک بوو لە ئۆقیانووسێک.

## ئۆردووگا زۆرەملێکان لە بیرەوەرەیەکانی کورددا:

لەکاتی کۆتاییەکانی ئەنفالی بەد ناویشداو لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سـەدەی رابـردوودا، حکومەتی بەعس دەستیکرد بە دروستکردنی چەندین ئۆردووگا کە ناوینان»گوندی هاوچەرخ»بوو. بەڵام چی گۆندێکی هاوچەرخ! ئەوانەی کە تەپێنرانە ئەوێوە بریتی بوون لەو خێزانانەی کە لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا بە قەزاو قەدەر رزگاریان ببوو، ئەوەیش دوای رووخانی گوندەکان و کردنیان بەناوچەی قەدەغەکراو. کەخۆیشم یەکێ بووم لەوانەی کە بەقەزاوقەدەر لە ئەنفال رزگارم بوو و لەو ئۆردوگایانە نیشتەجێکراین.

ئەوانەی کە لەو ئۆردووگایانە بوون رووبەڕوی کێشەی کۆمەلایەتی و ئابوری و دەرونیی زۆر بوونەوە. چونکە ئەوان لە گوندەکانی خۆیان لەسەر کشتووکاڵ و ئاژەڵداریی دەژیان، بەڵام لەو ئۆردووگایانە تەنها لەنێو چواردیواری بێ حەوشەی وشک و زڕ و بێ ئاو و خراپی چاودێریی تەندروستیی و بێ کاریی و بێ خزمەتگوزاریی و هەروەها لەوپەڕی خراپیی باری ئابووریدا ژیانیان بەسەر دەبرد. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لەرووی ئەمنییەوە بەجدی چاودێری دانیشتوانەکانی دەکران. هەمیشە دەزگا ئەمنییە نامرۆڤەکان لە سەرکوتکردنی دانیشتوانی ئەو کوردانەدا بەردەوامبوون. عادەتەن ئەو ئۆردوگایانە لە نزیک شارەکان دروست دەکران یان لەو شوێنانەی کە حکومەتی بەعسی عەرەبی دەستی بەسەریاندا دەرۆیشت و دەیتوانی زاڵبێ بەسەریاندا لە هەرکاتێکدا بیویستایە. لێردا دەتوانین ئەم جۆرە ئۆردوگایانە بە هاوشێوەی گیتۆکان ناوبەرین کە بۆ جوویەکان دروستکران.

لەوەی پێشەوە ئاماژەم پێ کرد، وامان لێدەکات کە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە کورد و جوو ببنە خاوەنی یەک حچیرۆکی هاوبەش. جگە لەوەش ئەگەر سەیربکەین زۆر جار کورد بەجوو دەشوبهێنرێت، هەربۆیە وەک دەبینین زۆربەی ئەوانەی کە رقیان لە جوو دەبێتەوە بەهەمان شێوە رقیشیان لە کورد دەبێتەوەو چەندین جار گویمان لێ بووە کە بە ئیسرائیلی دووەمی ناو دەبەن.

# هۆکارەکانی دژایەتی و نەفرەت بەرامبەر بە جوو

بەشی ٢ کۆتایی



بەرلەوەی گرنگی بە سەردەمی رۆشنگەری و وەرچەرخان لە بارودۆخی جوویەکان بدەین، ئاماژە بە بابەتی دژایەتی بەرامبەر بە جوویەکان لە روسیا دەدەین کە پەیوەندی بە بابەتەکەمان هەیە. ئێمپراتووری روسیە لە ساڵی (١٧٩٠) جوویەکان ناچار بە نیشتەجێ بوون لە ناوچەکانی رۆژئاوایی ئەو ئێمپراتوورییە دەکات، دوای ئەوەی لە ساڵی (١٨٨١) شۆڕشەکانی بەرفراوانی دژ بە جوویەکان لەو ناوچانەکە دەستی پێکرد، بەپێی یاساکانی ئێمپراتووری لە ساڵی (١٨٨٢) جوویەکان مافی خاوەنداریەتیان لە سەر موڵکەکان نەما و نێردرانە شارەکانی ئەو ناوچانە، ئەو هۆکارانە چوار دەیە دواتر بووە هۆی کۆچکردنی بەرفراوانی جوویەکان بۆ ئەمەریکا و ئەوروپا. هەر چەندە رێژەیەکی کەمتر لە ئەوروپا نیشتەجێ بوون و بەشێکی بەرچاو بەرەو ئەمەریکا چوون.

لە سەردەمی رۆشنگەری لە ئەوروپا تا رادەیەک رەگەزپەرستی بەرامبەر بە جوویەکان رووی لە کەمبوونەوە کرد، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ گەشەسەندنی زانست و فەلسەفە لە ئەوروپا وای لە خەڵک کرد کە بەرامبەر بەجوویەکان گۆڕانکاری و پێداچوونەوە بە خۆیاندا بکەن هەندێک لەو چەمکانەکە کەچەمکی نوێ بوون وەکو پرەنسیبی مافی یەکسانی هەموو مرۆڤەکان، جیا بوونی ئایین و دەوڵەت و بارودۆخی پەروەردە و...هتد بێنە ئاراوە، ئەوانەش هەموو هۆکار بوون بۆ ئەوەی هەندێک چەمکی پێشوو وەکو بێبەش بوونی جوویەکان لە کاروباری کۆمەڵایەتی بچنە ژێر پرسیارەوە، لە ئاکامدا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بە سەر بارودۆخی جوویەکاندا هاتە ئاراوە کە لەوانیش دەتوانین ئاماژە بە باشتر بوونی بارودۆخی پەروەردەیی ئەوان بدەین.

بە گشتی شۆڕشی فەرەنسا و سەردەمی رۆشنگەری لە ئەوروپا بە خاڵێکی گرنگ لە وەرچەرخانی بیرۆکەی رەگەزپەرستی دژ بە جوویەکان دێتە هەژمار، چونکە دوای ئەو سەردەمانە بوو کە ئەو بیرۆکەیە تا رادەیەک لاواز بوو و بارودۆخی ژیانی جوویەکان رووی لە باش بوونەوە کرد و سنوورەکانی گرۆپی لە نێوان مەسیحییەکان و جوویەکان لاواز بوو، لەو سەردەمەدا دوو بیرۆکەی دژ بە یەکتر بوونی هەبوو، لایەنگرانی بیرۆکەی

## ڕەگەزپەرستی دژ بە جوویەکان بۆ یەکەم جار لە مێژوو خۆیدا لە ساڵی (١٩٣٣) بوو

دژایەتی بەرامبەر بە جوو لە سەر ئەو بڕوایە بوون، «گەندەڵ بوون و زەرەر و زیانی جوویەکان» هۆکارێکە بۆ سوکایەتی کردن بەوان و بێبەش کردنیان لە سەرجەم بوارە کۆمەڵایەتییەکان، لە بەرامبەردا ڕۆشنبیرانی فەرەنسا و ئەڵمانیا لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە سوکایەتی کردن و بێبەش کردنی جوویەکان لە بوارە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن گرۆپی یەکەمەوە دەبێتە هۆی «گەندەڵ بوون و زەرەر و زیانی جوویەکان». بابەتی سەرسوڕهێنەر ئەوەییە کە گرۆپی یەکەم ڕێگا چارەی ئەو کارەیان لەوە دەبینی کە جوویەکان دەبێت دەستبەرداری ئایینی خۆیان بن و بێنە سەر ئایینی مەسیحیت، بە بێ ئەوەی کە چارەسەرەکە لە بەفەرمی ناسینی مافەکانی جوو و گرنگیدان بەوان وەکو کەمایەتییەکی ئەتنیکی و ئایینی بدۆزنەوە.

وەک باسکرا، بە هاتنی سەردەمی ڕۆشنگەری، جوویەکان تارادەیەک ئازادی مەدەنییان بەدەست هێنا، بەڵام دوای ئەوەی سەرکەوتنەکانی ئابووری و کلتووری جوویەکان بووە هۆی دروست بوونی نارەزاییەکان جەخت کردن لە سەر ناسیونالیزمی ئەورووپی هاتە ئاراوە، بەتایبەتی لەو وڵاتە ئەورووپییانەی کە دەیانتوانی جوویەکان وەکو هۆکاری کێشەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان بێننە هەژمار. دژایەتی دژ بە جوویەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی (١٩) لە ئەلمانیا و نەمسا بوو بە بزوتنەوەیەکی سیستماتیک کە خاوەن پارتە سیاسییەکانی تایبەت بە خۆی بوو.

### دژایەتی بەرامبەر بە جوویەکان و کۆمەڵکوژیان لە لایەن ئەلمانیای نازی (١٩٣٤-١٩٤٥)

**ڕەگەزپەرستی دژ بە جوویەکان بۆ یەکەم جار لە مێژوو خۆیدا لە ساڵی (١٩٣٣) بوو**

بە بەشێک لە پرۆگرامەکانی حکومەتێک کە تیایدا یەکێک لە توندرەوترین پارتەکانی دژ بە جوو بە ڕێبەری «ئادۆلف هیتلەر» لە ئەلمانیا گەیشتە دەسەڵات. چالاکییەکانی ئەو حکومەتە دژ بە جوویەکان لە داخستنی دوکانی جوویەکان و خەراپکردنی بارودۆخی ئابووری ئەوان دەستی پێکرد.

لە ساڵی (١٩٣٥) دوای پەسەند کردنی «یاساکانی نۆرێنبێرگ» و هاتنە ئاراوەی بابەتی جیاوازی خوێنی نێوان ئەلمانەکان و جوویەکان، ڕەگەزپەرستی دژ بە جوویەکان رووی لە گەشەسەندن کرد و بە پێی یاسا، جوویەکان وەک هاووڵاتی پلە دووەم دەستنیشان کران. هاوسەرگیری نێوان جوویەکان لەگەڵ هاووڵاتیانی ئەلمانی لە سەر بنەمای پاراستنی خوێن و شەرافەتی ئەلمانی قەدەغە کرا. لە نەموونەکانی دیکە دا دەتوانین ئاماژە بە ڕێگە گرتن لە کار و چالاکی دکتور و پارێزەرانی جووکان بەکەین کە بە قەدەغەکردنی منداڵانی جوو لە رویشتن بۆ قوتابخانەی ئەلمانییەکان و دانانی هێمای «ل» لە سەر ناسنامەی جوویەکان بدەین.

بەگشتی ئەو خالانە بەستێنی بۆ هێرشی جستەیی بۆ سەر جوویەکان لە ڕێگای نازییەکانی ئەلمانیاوە لە ساڵی (١٩٣٨) خۆشکرد، بە شێوەیەک کە بە کۆچ کردنی ژمارەیەک لە جوویەکان لە ئەلمانیا، نازییەکان دەستیان پێکرد بە سەرکووتکردنی ئەو کەسانەی کە ئامادە نەبوون، ئەو وڵاتە جێ بهێڵێن.

دوای پەسەند کردنی یاسای «جیا کردنی جوویەکان لە ژیانی ئابووری ئەلمانیا»، ژیانی جوویەکان بەرەو ئاوارەیی هەنگاوی نا، لە سەر بنەمای ئەو یاسایەش، کەنیسەی «پرۆتێستان» دەستی پێکرد بە دەرکردنی ئەو قەشانە کە باوک و باپیرانیان لە سەر ئایینی جوو بوونە.

کاری بە زۆر بە بێ بوونی حەقدەست و پابەندکردنی جوویەکان بە دانانی ئەستێرەی زەرد لە سەر جلوبەرگیان نەموونەی بەرچاوی ئەو جۆرە دژایەتی و ڕەگەزپەرستییە بوو. دوایین چالاکی و کردەوەی نازییەکان بریتی بوو لە دەرکردنی جوویەکان لە ئەلمانیا و ناردنیان بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و کوشتنیان بە شێوەی سیستێماتیک، ئەو پرۆسەیەش لە ساڵی (١٩٤١) دەستی پێکرد.

تا بەرلە دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم، چارەسەری بابەتی جوویەکان لە لایەن نازییەکانی ئەلمانیا بریتی بوو لە دەرکردنیان لەو وڵاتە، بەڵام دوای جەنگی جیهانی یەکەم و داگیر کردنی پۆڵەندا، نازییەکان ڕووبەڕووی ژمارەیەکی بەرچاو لە جوویەکان بوونەوە کە لەو وڵاتە نیشتەجێ بووبوون و دوای بەردەوام بوونی جەنگ و داگیر کردنی وڵاتانی دیکە، بابەتەکە بە هەمان شێوە بوو وڵاتانی ئەورووپی ژمارەیەکی بەرچاو لە جوویەکانیان لەخۆ گرتبوو و بەو شێوەیەش بابەتی جوو لە بابەتێکی پەیوەندیدار بە ئەلمانیا دەرچوو و بوو بە بابەتێکی ئەورووپی.

لە کانوونی دووەمی (١٩٤٢) سرکردەکانی ئەلمانیا بۆ دۆزینەوەی چارسەرێک بۆ ئەو بابەتە کۆبوونەوە و لە کۆبوونەوەکەدا چونکە دەرکردنی جوویەکان لە ئەورووپا و ناردنیان بۆ وەڵاتێکی دیکە جێبەجێ نەدەکرا، بۆیە لە کۆتایی بڕیار بە بردنیان بۆ بنکەکانی کاری بە زۆر و لە ناوبردنیان لە ڕێگای ئەو کارانە دا و هەروەها ناردنیان بۆ کارگەکانی مەرگ (ژووری گاز و کورەکانی مرۆڤ سۆزی) بە پێی دوایین پێشکەوتنەکانی تەکنیکی ئەو سەردەمە.

بە پێی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی «واناسی» سال (١٩٤٢) سرکردەکانی نازی بڕیاریاندا بە کوشتنی (١١) ملیۆن جووی دانیشتووی ئەورووپا». تا بەر لە شکستی نازییەکان لە ستالینگراد و کۆتایی هاتن بە جەنگ، نیوەی (١١)ی ملیۆن جووی دانیشتووی ئەورووپا کوژران.

ڕەگەزپەرستی مەسیحی لە سەدەکانی ناوەڕاست

## ئەگەر کۆمەڵکوژی جوویەکان بە شەش ملیۆن کەس مەزەندە بکرێت، کەواتە لە (٩) ملیۆن جووی ئەوروپی لە هەر سێ کەس، دوو کەس لە رێگای ئەلمانییەکان کوژراون

پەرەی سەند، بەڵام لە سەردەمی حکومەتی نازییەکان لە ئەلمانیا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. لێرەدایە کە وشەیەک بە ناونیشانی هۆلۆکۆست مانا و ناوەڕۆکی خۆی لە مێژووی ئیسرائیل نیشان دەدات و پێویستە بە کورتی ئاماژەی پێبکرێت.

### هۆلۆکۆست

هۆلۆکۆست بریتییە لە ئازار، ئەشکەنجە کردن و کوشتنی نزیکەی (٦) ملیۆن جوو بە شێوەیەکی رێکخراو و بە پاڵپشتی حکومەتی نازی ئەلمانیا. وشەی هۆلۆکۆست وشەیەکی یۆنانییە بە مانای «قوربانی کردنە بە ئاگر». نازییەکان کە لە کانوونی دووەمی (١٩٣٣) گەیشتنە دەسەڵات لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە رەگەزی سەرەکیین بۆ نەموونە جوویەکانی ئەلمانیا لە رووی رەگەزییەوە لەوان لە خوارترن، بۆیە بوونیان هەرشەییەکە لە سەر یەکگرتوویی ئەلمانییەکان و پێویستە لەناو ببردرێن، بۆیە ئەو بیرۆکەیە لە چوارچێوەی تیۆرییەوە گەیشتە چوارچێوەیەکی پراکتیکی و دوای ئەوەش وشەی هۆلۆکۆست وەکو چوارچێوەیەک بۆ بە پراکتیک کردنی ئەو تیۆرە دەستنیشان دەکرێت.

لەو سەردەمەدا تەنیا جوویەکان نەچوونە چوارچێوەی وشەیەک بەناونیشانی هۆلۆکۆست، بەڵکوو ئەفسەرانی نازی کاریان لە سەر گرۆپگەلی دیکە وەک کەمئەندامان و ژمارەیەک لە ئەتنیکەکانی ئیسلاف (پۆڵەندی، روسی و...هتد) ئەنجامدا و وشەی هۆلۆکۆست لە سەر ئەوانیش پەسەند دەکرێت و هۆکاری سەرەکی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەمان بیرۆکەی خواروو بوونی رەگەزەکەیان. سەرەڕای ئەوەش، کۆمۆنیستەکان و نێربازەکان و...هتد چوونە ژێر کاریگەری ئەو بیرۆکەیە و لەو پێناوەدا لەناو بردران.

لە ساڵی (١٩٣٣) نزیکەی (٩) ملیۆن جوو و بە پێی هەندێک ئاماری دیکە نزیکەی (١١) ملیۆن جوو لە وڵاتانی ئەوروپی دەژیان و زۆربەی ئەو جووانەش لەو وڵاتانەدا دەژیان کە لە لایەن ئەلمانیای نازی داگیر کرابوون، ئەگەر کۆمەڵکوژی ئەو جوویەکان بە شەش ملیۆن کەس مەزەندە بکرێت، کەواتە لە (٩) ملیۆن جووی ئەوروپی لە هەر سێ کەس، دوو کەس لە رێگای ئەلمانییەکان کوژراون. هەرچەندە ژمارەیەکی بەرچاو لە جوویەکان لە سەردەمی ئەلمانیا نازی کوژران، بەڵام نابێت ئەوەش لە بیر بکەین کە بە هەزاران کەسی کەمەئەندام کە ئەلمانیش بوون، لە ژێر کاریگەری بیرۆکەیەک بەناوی «کوشتن لە رووی دڵسۆزییەوە» لەناو چوون.

ئەوە بە کورتی ئاماژەیەک بوو بۆ دژایەتییەکان بەرامبەر بە جوویەکان و ئاکامەکانی ئەو دژایەتییانە. بەڵام بەر لەوەی بچینە سەر بابەتی دژایەتییەکان دوای دروستبوونی وڵاتێک بە ناوی ئیسرائیل. دەبێت گرنگی بە بابەتێکی دیکەش بدەین، ئەویش ئەوەییە کە سەرە ڕای دژایەتی مەسیحییە توندرەوەکان بەرامبەر بە جوویەکان، دژایەتی لە لایەن هەندێک لە ئیسلامییەکان بەرامبەر بە جوویەکان بووە و هەییە، بەڵام ئەو دژایەتیانە ناگاتە ئەو رادەیەی کە مەسیحییەکان هەیانبوو، یاخود دەتوانین ئاماژە بکەین کە بە شێوازێکی دیکە بووە. تا بەر لە هۆلۆکۆست و لەناوچوونی نزیکەی (٦) ملیۆن جوو نەفرەت و دژایەتی مەسیحییەکان بەرامبەر بە جوو لە ئاستێکی بەرفراواندا بوو، بەڵام دوای ئەو رووداوە و دروست بوونی وڵاتی ئیسرائیل و بە هاتنی ئەو وڵاتە بۆ ناو گەمە سیاسییەکان، ئەو دژایەتییە رووی لە کەمبوونەوە کردووە. بەڵام نەفرەت و دژایەتی وڵاتانی ئیسلامی تابەرلە دروستبوونی وڵاتی ئیسرائیل لە ئاستێکی لاواز بوو و نەگەیشتبووە ئاستێکی بەرفراوان، یاخود هێشتا لێکترازانەکان لە پانتاییەکی بەرفراوان نەهاتبوونە دی، بەڵام دوای دروستبوونی ئیسرائیل و داگیر کردنی وڵاتێکی عەرەبی و ئیسلامی بە ناونیشانی فەلەستینەوە دژایەتی و نەفرەتی ئیسلامییەکان رووی لە زیاد بوون کرد، ئەوەش لە بەشی خۆی ئاماژەی پێدەدرێت، بەڵام بەرلەوە بە کورتی ئاماژە بە چەند نەموونەی مێژوویی لە دژایەتی بەرامبەر بە جوویەکان لە وڵاتە ئیسلامییەکان دەدەین.

لە وڵاتانی ئیسلامی بە گشتی جوویەکان وەک «ئەهلی کتێب» دەناسرێن و ناچار بە پێدانی جزیە دەبن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا چەند نەموونەیەک لە درێژایی مێژوویی سەبارەت بە سوکایەتی کردن و لاواز کردنی جوویەکان بوونی هەیە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا جوویەکان لە بەغدا ناچار بوون جلوبەرگی تایبەتی لەبەر بکەن بۆ ئەوەی بناسرێنەوە. «لئۆن پۆلیکاو» و «والتێر لێکۆ» دوو مێژوونووسی ناودار لەو بوارەدا لێکۆڵینەوەی زۆریان ئەنجام داوە و لە سەر ئەو بڕوایەن، «ئاسەوار گەلی بەرچاو لە دژایەتی بەرامبەر بە جوو لە هەندێک لە کتێبە ئیسلامییەکان دەبینرێت».

لە ساڵی (١٠٦٦)ی زایینی گرۆپێکی توندرەوی موسڵمان لە شاری گرانادا لە ئیسپانیا هێرشیان کردە سەر کۆشکی پادشایی و «یوسێف بن نغربلە» وەزیری جووی ئەو کۆشکە و رێبەری کۆمەڵەی جوویەکانیان گرانادایان کوشت و داوتر کۆمەڵەی جوویەکانی گرانادایان کە نزیکەی (٤٠٠٠) کەس بوون بە دەستی ئەو گرۆپە کوژران.

لە ساڵی (١٣٠٦)ی هەتاوی، محەمەد بەیگی ئێعتمادۆلە دەسەڵاتداری ئێسفەهان، پەیامێکی ئاراستەی جوویەکانی ئەو شارە کرد کە بۆ ماوەی یەک رۆژ کاتیان هەیە کە یان بێنە سەر ئایینی ئیسلام یاخود د ئەو شارە جێ بهێڵن.ئەوە تەنیا چەند نەموونەیەک لە دژایەتی بەرامبەر بە جوویەکان لە وڵاتە ئیسلامییەکانە. ئەو دژایەتیانە بەرلە دروستبوونی وڵاتێک بە ناونیشانی ئیسرائیل بەو شێوەیە روویان داوە، بەڵام دوای دروستبوونی وڵاتی ئیسرائیل ئەو دژایەتی و نەفرەتە لە




وڵاتە ئیسلامییەکان رووی لە زیادبوون کردووە.

**دروست بوونی وڵاتی ئیسرائیل و روانگەکان بەرامبەر بە ئەوان:**

ئیسرائیل بە وڵاتێک لە باشووری رۆژئـاوای ئاسیا و لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە پایتەختی ئۆرشەلیم کە لە باکوورەوە لەگەڵ لوبنان، لە باکووری رۆژهـەڵات لەگەڵ سوریا، لە رۆژئـاواوە لەگەڵ ئۆردەن و لە باشووری رۆژئاوا لەگەڵ میسر سنووری هەیە.

لە (٢٩)ی نۆڤێمبەری (١٩٤٧) لە ئاکامی بـڕیـاری نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە دابەش کردنی فەلەستین بە دوو وڵاتی ئیسرائیل و فەلەستین و بەڕێوەبردنی شاری ئۆرشلیم بە شێوەی نێودەوڵەتی و لە هەمانکاتدا رەزامەندی ئیسرائیلەکان و ناڕەزایەتی فەلەستین و وڵاتە عەرەبییەکان وایکرد شەڕێک لە نێوان ئیسرائیل و عەرەبەکان بێتە ئاراوە و لە کۆتاییدا لە ١٤ ی مەی ١٩٤٨ دا وڵاتی ئیسرائیل لە رێگای دەرچوونی راگەیەندراوی سەربەخۆیی راگەیاند. ئەو وڵاتە ئێستا پەیوەندی دیپلۆماتیکی لەگەڵ زیاتر لە (١٥٧) وڵاتی جیهان هەیە.

ئیسرائیل بە وڵاتێکی پێشکەوتوو لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێتە هەژمار کە لە سەردەمی بنیادنانی لە ساڵی ١٩٤٨ تا ئێستا لە قۆناغی پێشکەوتن دایە، پێشکەوتنەکانی ئەو وڵاتە لە سەرجەم بوارەکانیدا لەبەرچاون، ئەو وڵاتە توانیویەتی خۆی وەکو زلهێزێک لە ئاستی جیهانی پێناسە بکات و خاوەن لۆبی زۆر بەهێز لە وڵاتی ئەمەریکایە و بوونی ئەو لۆبییانە و توانایی دارایی ئەوان وایکردووە، پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل یەکێک لە ستراتیجییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت.

بوونی لۆبی بەهێزی ئیسرائیلی و چالاکییەکانی ئەو لۆبییە لە ئاستی جیهانی وایکردووە، لە وڵاتە ئەوروپییەکان و هەروەها لە ئەمەریکا دژایەتی و نەفرەت بەرامبەر بە جوویەکان رووی لە کەمبوونەوە بکات. ئەو نەفرەت و دژایەتییە بەرامبەر بە جوو ئێستا لە وڵاتە ئەوروپییەکان وەکو رەگەزپەرستی دێتە هەژمار و بە تاوانێک دادەندرێت و تاوانبار سزا دەدرێت.

وەکو ئاماژەی پێدرا، لە ئەوروپا بە تایبەتی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست، دژایەتیەکی بەرچاو بەرامبەر بە جوویەکان بوونی هەبووە، جوویەکان وەک کەمایەتییەک لە وڵاتانی ئەوروپا ستەمی زۆریان ئاراستە

## ئیسرائیلی دوای هۆلۆکۆست

پێست لە سەرووی رەش پێستە یان خود دژایەتی بەرامبەر بە جوو بکات یان هۆلۆکۆست رت بکاتەوە، ئەوانە بە تاوان هەژمار دەکرێن. بۆیە ئەو بابەتە تا رادەیەکی بەرچاو لە ئەوروپا و ئەمەریکا رووی لە کەمبوونەوە کردووە، بەڵام بە پێچەوانەوە لە وڵاتە ئیسلامییەکان بیرکردنەوە بەرامبەر بە ئیسرائیل شێوازێک و نمونەیەک لە داگیرکاری دێنێتە بەرچاو و روانگەی زۆرینەی موسڵمانەکان لە سەر ئەوەیە کە جوویەکان وڵاتێکی ئیسلامییان داگیر کردووە و بەو شێوەیە دێنە بەر روانگەیەکی نەفرەت ئامێز.

دژایەتی کردن بەرامبەر بە جوویەکان بەر لەوەی بابەتێکی سیاسی بێت، بابەتێکی ئایینیە، بە شێوەیەک بەر لە هەر شتێک مەسیحییەکان، جوویەکان بە بکوژی مەسیح دێننە هەژمار و ئەو دژایەتییە دەگاتە ئەو رادەیەی کە دەگوترێت، جوویەکان خوایان کوشتووە.

هەر چەندە لە رووی مێژووییەوە دژایەتی بەرامبەر بە جوویەکان لە روانگەی ئیسلامییەوە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی ئایینی ئیسلام، بە شێوەیەک کە موسڵمانەکان لە سەر ئەو بڕوایەن بە هاتنی پێغەمبەری ئیسلام و ئایینی ئیسلام ئیتر ئایینەکانی دیکە کۆتاییان پێدێت و پێویستە لایەنگرانی ئەو ئایینانە لەوانیش بگرە جوویەکان و مەسیحییەکان و...هتد بێنە سەر ئایینی ئیسلام، بەڵام لە بنەرەتەوە کێشەی سەرەکی نێوان جوویەکان و ئیسلامییەکان و دروست بوونی دژایەتی بەرامبەر بە ئەوان لەوانەیە بگەرێتەوە بۆ دروست بوونی دەوڵەتێکی ئیسرائیلی لە ناو جەرگەی جیهانی ئیسلام کە هەمان فەلەستین بێت. هەر چەندە پاساوی جوویەکان لەو رووەوە جێگای گرنگیدانە کە ئەو ناوچەیە لە سەردەمێک لە سەردەمەکان شوێنگەی جوویەکان بووە و یەعقوبی پێغەمبەر کە نازناوی ئیسرائیلی هەیە لەو شوێنە پێغەمبەری کردووە و تەنانەت عیسای مەسیح پێغەمبەری ئایینی مەسیحیش لەو ناوچەییە لەدایک بووە، بەڵام ئەوە ناتوانێت ئەو دژایەتی و نەفرەتەی کە تاکێکی موسڵمان لە ناخی دڵیەوە بەرامبەر بە جووە هەیەتی کەمرەنگ بکاتەوە یان لە ناوی بەرێت، هەر چەندە کۆمەڵێک کەس بە هیچ شێوەیەک گرنگی بەو بابەتە نادەن، بەڵام لە بەرامبەردا کەسانێکیش هەن کە بەرامبەر بەو بابەتە نیگەران بن یاخود نەفرەت و دژایەتیان هەبێت. ئەوەش لە نمونەی وتەی «بەشار ئەسەد» دەردەکەوێت کە گوتویەتی: «هەر نەوەیەک لە عەرەبەکان زیاتر لە نەوەی رابردوو نەفرەتی لە ئیسرائیل هەیە». هەر چەندە ئەو بیرۆکەیە دەتوانێت راستیش نەبێت.

لە سەرەتاوە لێکترازانێک لە نێوان موسڵمانەکان و جوویەکانی دانیشتووی وڵاتە ئیسلامییەکان بوونی هەبووە، بەڵام بە درێژایی مێژوو ئەو لێکترازانانە نەگەیشتووتە ئاستێکی بەرفراوان،بەڵام دروست بوونی وڵاتێک بە ناوی ئیسرائیل لە ناو جەرگەی وڵاتێکی عەرەبی وئیسلامیدا ئویش لە فەلەستین و هاوسنوور لەگەڵ چەندین وڵاتی گرنگی دیکەی عەرەبی، خۆی لە خۆیدا لە روانگەی وڵاتە ئیسلامییەکان وەکو



دەکرا، ئەگەر نەخۆشییەک لەو وڵاتێک پەرەی سەندبا، جوویەکان وەک هۆکاری ئەو نەخۆشییە دەستنیشان دەکران، یاخود سەرەڕای ئەوەی جوویەکان وەک بکوژانی مەسیح دەناسران و هەندێک لە رێبەرانی وڵاتە ئەوروپییەکان یاخود کاسۆلیکە توندرەوەکان و قەشەکان ئەگەر لە توانایان دابا جوویەکانیان لە وڵاتەکانیان دەردەکرد.

ئێستا دژایەتی کردن بەرامبەر بە جوویەکان بە جۆرێک وەکو رەگەزپەرستی دێتە هەژمار و ئەگەر کەسێک لە ئەوروپا هۆلۆکۆست رەت بکاتەوە، ئەوە نیشانەی دژایەتی کردنە بەرامبەر بە جوویەکان و وەکوو رەگەز پەرستی دێتە هژمار، ئەو دەسکەوتەش لە ئاکامی تواناییەکانی ئیسرائیل لە دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوایی و بە هێزبوونی لۆبی ئیسرائیلی لە وڵاتە ئەوروپی و ئەمەریکییەکان هاتووتە ئاراوە.

رەگەزپەرستی لە رۆژئاوا تاوانە، بۆییە کەس ناتوانێت لە سەر بنەمای بوونی ئازادی رادەربڕین لە رۆژئاوا بۆ نمونە بەڵێت، سپی

# وشەی هۆلۆکۆست وشەیەکی یۆنانییە بە مانای «قوربانی کردنە بە ئاگر»



هەرەشەیەک بۆ سەر ناوچە لە قەلەم دراوە، سەرەڕای ئەوەی بابەتێک بە ناونیشانی «دروستبوونی وڵاتی ئیسرائیل» بە بابەتی «داگیر کردنی وڵاتی فەلەستین» ناوزەد کرا و لەو کاتەوە تاکو ئێستا کۆمەڵێک ناکۆکی و جەنگی لێکەوتووتەوە کە دوایین نمونەی ئەو بابەتەش لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کەشتییەکانی ئاشتی رەنگدەداتەوە.

دژایەتی کردن لەگەڵ بوونی جوو لە لایەک بە مەترسییەک بۆ سەر ئیسرائیل دێتە هەژمار و لە لایەکی دیکە بووە هۆی بەهێزبوونی پێگەی ئیسرائیل و لۆبی ئیسرائیلی لە سیاسەتی دەرەکی ئەمەریکا، بە شێوەیەک کە دەبینین ترسی جوو لە هەرەشەکانی وڵاتە عەرەبی و ئێسلامییەکان بووە بە هەنگاوێک بۆ ئەوەی ئیسرائیل لە ئاستی جیهانیدا لە ئەمەریکا نزیک بێت و دروستبوونی هاوپەیمانییەکی بەهێز لە نێوان ئەو دوو وڵاتە وایکردووە کە بە شێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ یەکێک لە ئامانج و ستراتیژییەکانی سەرەکی ئەمەریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل بێت.

کاتێک کە ئاماژە بە پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل وەکو یەکێک لە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدرێت، نیشانەی توانایی لۆبی ئیسرائیلی و بەهێز بوونی پێگەی ئەو لۆبییەیە کە هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهان مسۆگەر بکات. بۆیە پەیدابوونی چەمکێک بە ناوی «پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل» لە ئاکامی ئەو تواناییە هاتووتە ئاراوە، ئەویش دوای بوونی بابەتێک بە ناوی مەترسی لە لایەن وڵاتە ئیسلامی و عەرەبییەکان بەرامبەر بە ئیسرائیل و ئەوەش بە شێوازێک رەنگدانەوەی بووە کە بۆ نمونە سەرۆک کۆماری ئێران «مەحمود ئەحمەدی نەژاد» زۆر بە راشکاوانە نەفرەتی خۆی بەرامبەر بە ئیسرائیل دەردەبڕێت و تەنانەت هەرشەی لەناوبردنی ئەو وڵاتە دەکات و زۆر بە نەرمی رووداوێک وەکو هۆلۆکۆست رەت دەکاتەوە.

دەتوانین بڵێین، رووداوی هۆلۆکۆست یەکێک لە هۆکارەکانی سەرەکی ترسی ئیسرائیل لە داهاتوویەتی، بە شێوەیەک کە بەرامبەر بە هەر چەشنە هەرەشەیەک، دژکردەوەی دەبێت و ترسی خۆی لە ئاستی جیهانی دەردەبڕێت، بۆ نمونە ترسی ئەو وڵاتە لە ئێران کە دوای هاتنە سەر کاری «مەحمود ئەحمەدی نەژاد» و هەرەشەی «پاک کردنی نەخشەی ئیسرائیل لە گۆی زەوی» ئەو ترسە بەرامبەر بە ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو رووی لە زیادبوون کردووە و دژایەتیەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە گەیشتووتە ئەوپەڕی خۆیەوە لە سەردەمی دامەزراندنی

# بەر لە هۆلۆکۆست و لەناوچوونی نزیکەی (٦) ملیۆن جوو نەفرەت و دژایەتی مەسیحییەکان بەرامبەر بە جوو لە ئاستێکی بەرفراواندا بوو



وڵاتی ئیسرائیل.

بابەتێک لە نەفرەت و دژایەتی و هەوڵی جوویەکان بۆ خۆپاراستنیان لەو هەرەشانەی کە بوونیان هەیە، ئاماژەی پێدرا، بەڵام لە بەرامبەردا بابەتێکی سەرەکی کە دژایەتی بەرامبەر بە جوویەکان و ئیسرائیلییەکان زیاتر نیشان دەدات، بوونی ئەو ناکۆکی و کێشانەییە کە لە نێوان ئیسرائیلییەکان و فەلەستینییەکان بوونی هەیە و جاری وایە دەگاتە ئاستی شەڕ و پێکدادان. بۆ نەموونە جەنگی ئیسرائیل و لوبنان و بڵاوبوونەوەی وێنەکانی ئەوشەڕە لە ئاستێکی بەرفراوان، زیاتر لە هەر شتێک دەبێتە هۆی زۆربوونی نەفرەت و دژایەتی بەرامبەر بە جوویەکان، ئەوەش دەتوانێت کاریگەرییەکی ئەرێنی لە سەر رای گشتی جیهانی هەبێت، بە شێوەیەک کە کاتێک کە کەشتییەکانی ئاشتی لە لایەن وڵاتانی جیهان و لە پێناو نەمانی گەمارۆکان لە سەر کەرتی غەزە بە ئامادەبوونی کەسایەتییەکانی ئاشتیخوازی جیهانی بەرەو غەزە دەچن و دواتر لە لایەن هێزەکانی ئیسرائیلی دەستیان بە سەردا دەگیرێت، ئەوە خۆی لە خۆیدا دەتوانێت هاندەرێک بێت بۆ وروژاندنی هەستی رای گشتی جیهانی بەرامبەر بەو رووداوانە. ئەوەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی بڵێین کە لە بنەڕەتی ترین هۆکارەکانی جەنگ، دروست بوونی نەفرەتە، چ جەنگێک لە نێوان دوو وڵات بێت و چ جەنگێک لە ئاستی وڵاتێک وەکو ئیسرائیل کە خۆی لە خۆیدا نارەزایی کۆمەڵێک وڵاتی لە پشتە بە تایبەتی وڵاتە ئیسلامییەکان.

لە بەرامبەردا هەوڵێکی زۆر بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە لە ئاستی جیهانی دەدرێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە بڵێین ئەگەر بێت و کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیش چارەسەر بکرێت، ئەو نەفرەت و دژایەتییە بەرامبەر بە جوویەکان لە ناو ناچێت و بە بەردەوامی بوونی دەبێت، واتە دەکرێت لە رێگای بە کار هێنانی هێز وا لە تاکێک بکەیت کە دژایەتی خۆی نیشان نەدات، هەمان شتێک کە لە رۆژئاوا دەکرێت و دژایەتی بەرامبەر بە جوویەکان بە تاوان دەناسرێت، بەڵام ناکرێت بە گشتی بڵێین ئەو شتە بە تەواوی لەناو دەچێت، هەر وەکو چون ئێستا هەندێک کەس لە وڵاتە رۆژئاواییەکان دژ بە جوویەکانن، نمونەی هەر دیاری ئەوانیش «میل گیبسۆن» سینەماکاری ناوداری هۆلیوودی بە رەگەز ئۆسترالییە. لە کۆتایی ئەو بابەتەدا دەتوانین بڵێین یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکان لە دژایەتی بەرامبەر بە جوویەکان کە زیاتر لە لایەن ئیسلامییەکانەوە گرنگی پێدەدرێت، بوونی وڵاتێکە بە ناونیشانی ئیسرائیل و بە داگیرکەر دێتە هەژمار، بەڵام نابێت گرنگی بەو بابەتە لە بیر بکەین کە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرەکی کە وایکردووە، ئیسرائیل بێتە ئاراوە، بوونی ئەو ئازار و سەختیانە بووە کە بەرامبەر بە جوویەکان بوونی هەبووە، چ لە لایەن مەسیحییەکان بوو بێت یان ئیسلامییەکان و...هتد.


### سەرچاوەکان

١- تاریخچە پیدایش قوم یهود در سرزمین اسرائیل، مرکز نشر اعتقادات، www.eteghadat.com

٢- شیرازی، سید محمد، دنیا و یهود، چاپ فروغ دانش، انتشارات امین، ێ ٣.

٣- تاریخ پیدایش اسرائیل، شرقیان، ١٣٨٣، www.sharghian.com

٤- یهودی ستیزی، ویکی پدیا، فارسی، http://fa.wikipedia.org/wiki/ یهودی ستیزی_ (تاریخچە)

٥- مێاحبە داریوش سجادی با ێادق زیباکلام و عباس سلیمی نمین لێرامون واقعە هلوکاست و نقش اسرائیل در خاورمیانە، تلویزیون هما، خبرنامە گویا، ٣ اردیبهشت ١٣٨٥

٦- هلوکاست؛ بزرگترین سلاح تبلیغی نقام سلگە، گرو اینترنتی مشکان، http://www.moshkan.com



ئا: زەردەشت عەبدوڵا

sheyan_2005@yahoo.com



### ئەندامی کۆردیناسیۆنی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) شێرزاد کەمانگەر:

# «گەلی کورد نابێتەوە بە سەربازیی هیچ وڵاتێک»

بە مەبستی وەرگرتنی بیرو رای پارتی ژیانی ئازادی کوردستان سەبارەت بە بارودۆخی کورد و ئیسرائیل و مێژوو و پەیوەندی ئەو دوو نەتەوەییە دوای برینی ریگاییەکی سەخت و دشواری گەویشتینە قەندیڵ بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەل ئەندامی کۆردیناتۆری پژاک شێرزاد کەمانگەر.



**ئیسرائیل-کورد: ڕوانینی هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ ئیسرائیل لەسەر چ بنەمایەکە؟**

شێرزاد کەمانگەر: ئێمە وەکو پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) تێڕوانینی ئێمە دیارە تەنیا تێڕوانینی خۆمان دەڵێین نەک تێروانینی پارتە و لایەنەکانی دیکە بۆیە تێڕوانینی ئێمە بۆ گەلی یەهوود یەکێکن لەو گەلانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەن جێگاو پێگەیەکی و شارستانیەتێکی تایبەت تایبەت بە خۆیانن، لەهەمانکاتشدا ڕێزمان بۆ تەواوی گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە هەیە، دیارە گەلی یەهوود شارستانیەتیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خاوەن پێگەیەکی جیاوازە و ئێستاش گەلی هوودیەتیەکێک لە لەگەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانین.

**ئیسرائیل-کورد: بۆچی هەلی ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل بۆ بەرژەوەندیی خۆتان دژی ئێران ناقۆزنەوە؟**

شێرزاد کەمانگەر: ئێمە بڕوامان بەچارەسەری کێشەی کورد هەیە بەڕێگەی ئاشتی، دیارە کێشەی کورد لەسەدەی بیستدا یەکەم کێشەییە کەبێ چارەسەر ماوەتەوە، هەوکات گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر شوێن و پێگەی خۆی وەکو ئامراز بەکارهێنراوە، وەک گەلی کورد ڕاستی نەخراوەتە بەرچاو، گەلی کورد بەڕاست و دروستی پێویستی بەپێداچونەوە دەکات کەلەلایەن دەوڵەتانی دراوسێ لەلایەکی ترەوە هەر گەل و دەوڵەت و نەتەوە و لایەنێک بیەوێت دیموکراسی لەئێران پێش بخات ئێمە کراوەین و هەنگاومان ناوە، ئێستاش بڕوامان بەوە هەیە کەهەر هەنگاوێک بنرێت بۆ بەرەو پێش بردنی دیموکراسی لەئێران ئێمە بەو پەڕی باوەڕەوە بەشداری دەکەین، بەڵام ئەمریکا ئیسرائیل بەچاوی ڕەش و سپی سەیری کوردیان کردووە، پێویست بەگۆڕانکاری بە تێڕوانینەکانیاندا بکەن،لەهەمان چوارچێوەدا ئەگەر ئەم گۆڕانکاریانە لەگەڵ هەنگاوەکانی گەل یەک بگرنەوە ئەوا دەتوانرێت گۆڕانکاری زۆر گەورە بکرێت. کێشەی گەلی کورد و یەهوود و فەلەستین دوو کێشەن کە بێ چارەسەر ماونەتەوە، ئەگەر گۆڕانکاریەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێتە ئاراوە پێویست بەهەوڵەکان هەمە لایەنانەکان بێت. ئیسرائیلیش دەبێت لەم چوارچێوەیەدا هەوڵ بدات، چونکە گەلی یەهوودیەکان خاوەن ڕۆڵ و میسیۆنێکی جیاوازن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام کێشەی کورد بەپارچەیی کراوە و لەلایەن زۆر دوڵەتانەوە بە پارچەکراوی تماشایی لەکێشەکە دەکەن وەکو ئامراز بەکارهێنراوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان.

**ئیسرائیل-کورد: ئایا پێتان وا نییـــــە گەلی کورد لە ئێران بەحزبەکانیشەوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی پرۆپاگەندەکانی کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بەرامبەر ئیسرائیل؟**

شێرزاد کەمانگەر: گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو ئێران کاریگەریەکی بەمشێوەیە هەیە دیارە گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو چاوی لێ بکە دەبینیت کراوە بەسەربازی وڵاتانی تر و بەکاریان هێناوە لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان لەبەرئەوە بێ باوەڕی گەلی کورد بەرامبەر زۆر لایەن دروست بووە، بەڵام وەکو دوژمنایەتی نا بەڵکو کورد دواتـر سەلماندوویەتی کەچەند ئاشتیخوازە،دیارە هەرکەس هەوڵدەدات بۆ گۆڕانکاری لەئێراندا بۆیە پێویست بەشەفافیەتێک هەبێت لەهەوڵەکانیدا. دەبێت چاو بخشێننەوە خۆیانداو ئەوە بزانن کە گەلی کوردیش خاوەن مافی خۆیەتی، دیارە هەرکەسێکیش بیەوێت گۆڕان لەئێراندا بکات دەبێت متمانە لای گەلی کورد بۆ خۆی دروست بکات چونکە هیچ گۆڕانێک بەبێ گەلی کورد ناکرێت چونکە بەدرێژایی مێژوو زۆر کەس و لایەن بارزگانیان بەگەلی کوردەوە کردووە بۆیە گەلی کورد بەهەستیاریەوە نزیک دەبێتەوە،

**ئیسرائیل-کورد: چۆن بزانین بڕواتان بە ئیسرائیل هەیە و چۆن دەروانە تواناکانی ئەو وڵاتە گەیشتوون؟**

شێرزاد کەمانگەر: پێموایە پێشتر وەڵامی ئەم پرسیارەمان دایەوە.

**ئیسرائیل-کورد: ماوەیەکە ئێران بە بەردەوامی لە ڕاگەیاندنەکاندا باسی ئەوە دەکات کە پژاک لە لایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە یارمەتی دەدری؟ ڕوونکردنەوەی ئیوە چیە؟**

شێرزاد کەمانگەر: پژاک پارتێکە کە لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە پشتی بە گەلی خۆیە لە گەلی خۆی وەریدەگرێت، پشتیوانی پژاک پشتیوانی گەلی کوردە پشتیگریەکە کەلەلایەن گەلی کوردەوە دەدرێت ئێمە لەلایەن هیچ دەوڵەت و ڕێکخراوە و دەزگایەک هاوکاریی نەکراوین و گرێدراو بەهیچ بزوتنەوەیەک و دەوڵەتێک نین. لەهەمانکاتدا ئەم پەیوەندیانەی باس لێوە دەکرێت تەنیا هەوڵ بۆ ڕەشکردنی ئێمە، دیارە ئێمە بۆ دیموکراتیزەکردنی ئێران ئامادەین لەگەڵ هەرکەسێک و لایەنێک هەنگاو بنێین.

**ئیسرائیل-کورد: ئیسرائیل وەک وڵاتێکی زلهێز لە ناوچەکدا تا چەند دەتوانی رۆڵی هەبێ لە مەسەلـــــــەی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان؟**

شێرزاد کـــەمانگەر: هەروەک پێشتر باسم کرد نەک تەنیا ئیسرائیل بەڵکو گەلی یەهود لەهەمانکاتدا دەتوانن رۆڵێکی کاریگەریان هەبێت لەمەسەلەی پێش خستنی کێشەی کورد نەک تەنیا بۆ کورد بەڵکو دەتوانن رۆڵێکی کاریگەریان هەبێت لەخۆرهەڵاتی ناوەراست، ئەویش بەچارەسەرکردنی چەند کێشەیەک وەک لە بەرچاوە گرتنی نەتەوەکانی تر بەبێ ئەوەی بەرژەوەندی هیچ دەوڵەتێکی ولایەنێکی یاپەماڵە کەن بە گەلی کوردەوە

**ئیسرائیل-کوردی: کورد و ئیسرائیل چۆن دەتوانن لە یەکتر سوودمەند بن لەو ناوچەکەدا، سـەرەرای ئەوەی کە ئیسرائیل و کورد خاوەنی دووژمنی هاوبەشن، بۆ نەموونە ئێران و سووریە؟**

شێرزاد کەمانگەر: وەکو پێشتریش ئاماژەم پێکرد گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کەمێژوویەکی نوێیان خوڵقاندووە و گەلێک خەبات و تیکوشانی هاوبەشیان بەیەکەوە کردووە، گەلی کورد و گەلی یەهوود لەخۆرهەڵاتی ناوەراست دەتوانن رۆڵ بگێرن بۆ گۆرانکاری لەخۆرهەڵاتی ناوەراست چونکە خاوەن و پێگە و هێزێکی کاریگەرن

**ئیسرائیل-کورد: لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک تەقینەوەی بەهێز ئێرانی هەژاند کە بووە هۆکاری ژیان لەدەستدانی کۆمەڵێک لە خەڵکی سڤیل بەتایبەت لە شارە کوردیەکانی رۆژهەڵات، ئێران هۆکاری تەقینەوەکانی گەراندەوە بۆ تێرۆرسیتۆنەکانی رۆژهەڵات و دەستی ئەمریکا و ئیسرائیل، ئەوە تا چەند راستە؟**

شێرزاد کەمانگەر: دیارە ئێستا ئێران رووبەرووی دوو قەیران بۆتەوە لەناوخۆ و دەرەوە.بەتایبەت لەناو دەستەی باڵای بەرێوەبەرایەتی ئێران ناکۆکی زۆر جددیی هەییە. سەبارەت بەم تەقینەوانەش تەنیا دەستەمۆکردنی گەلی کوردە لەرۆژهەڵاتی کوردستان ئیمە وەک پژاک دژی هەر جۆرە کارێکی تیرۆریستین چونکە خەڵکی سڤیل دەبنە ئامانج، دیارە ئێران بۆ ئەوەی دەستی کراوە بێت لە کوردستان ئێران ولاتانی دیکە ئیسرائیل بەکاردەهێنێت. هەروەها ئێران لەمەشدا دوو پەیام دەدات یەکێکیان بەگەلی کورد ئەویتریش بەدەوڵەتی تورک. بە گەلی کورد دەڵێت هەرکات بمەوێت تۆ قەتڵ و عام دەکەم بۆ تورکیاش دەڵێت منیش لەگەڵ تۆدام بۆ چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد. ئەمەش لەئەساسدا ناکۆکیە لەنێوان دەسەڵاتی باڵای ئێران لەم نێوەندەشیدا کوردستانیان کردووە بەمەیدانی یەکلایکردنەوەی ناکۆکیەکانیان بۆ دەسەڵاتدارێتی خۆیان. ئەم کردەوانەش کردەوەیەک نین کەپارتە کوردیەکانی رۆژهەڵات ئەنجامیان دابێت ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین. تەنیا بۆ مانەوەی خۆیان لەسەر دەسەڵات تۆمەت دەخەنە پاڵ پارتە کوردیەکان

**ئیسرائیل-کورد: ئایا بوونی خەباتی چەکداری پژاک تا چەند دەتوانێ لەبەرژەوەندی پلانەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا بێ لە ئێراندا، بەتایبەت کە لەو ماوەیەدا کە کۆبوونەوەتان هەبووە لەگەل ئەمریکایەکان؟**

شێرزاد کەمانگەر: دەمەوێت لەکۆتایدا پرسیارەکە وەڵامت بدەمەوە. لە دوو ساڵی رابردوو کە دانیشتن لەنێوان ئێمە و ئەمریکا دروست بوو ئەم دیدارەش نەبۆتە هۆی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام پێویستە پێناسەی راستی پژاک بزانرێت کەپارتێکی سیاسی جڤاکیە کەهێزی خۆی لەشکری بۆ پاراستنی رەوای خۆی هەیە. ئێمە تائێستا لەهیچ راگەیەنراوێک شەرمان لەدژی ئێران رانەگەیاندووە، بەڵکو تەنیا خۆمان و گەلمان پاراستووە. دیارە هەوڵ بۆ چارەسەری لەرۆژهەڵات کوردستان لەزۆر رێگەوە هەیە کە تەنیا بەکار هینانی چەک نییە، بەڵکو زۆر خەباتی تر دەکرێت بۆ گۆرانکاری لەئێران، دەبێت دەوڵەتان جددیی بن بۆ دورپێچکردنی ئێران بەشێوەیەکی جددیی، دیارە لەرۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر هەنگاوەکانی ئێران لەدژی رۆڵەکان بەردەوام بن وەکو ئیعدام ئەشکەنجە، زیندان ئەوا گەلی کورد چاو بەکاروخەباتی رابردووی دا دەخشێنێتەوە و ئێمەش لەم چوارچێوەیەدا هەنگاوی پێویستمان ناوە

**ئیسرائیل-کورد: کورد و ئیسرائیل چۆن دەتوانن لای یەکتری متمانە دروست بکەن و باوەریان بەیەکتری هەبێت؟**

شێرزادی کەمانگەر: لەسەرەتاوە ئاماژەم پێکرد گەلی کورد سوودی لەمێژووی وەرگرتووە کەزۆرجار کراوە بەئامراز لەپێناو بەرژەوەندی خۆی وەکو بەعس و ئێران و تورکیا و سوریا دەبێت دەوڵەتان دەست لەم سیاسەتە بەربدەن دیارە گەلی کورد ئەگەر کەسێک بەشێوەی شەفاف بێت لەگەڵیدا، گەلی کوردیش راستگۆ و شەفاف دەبێت،بەڵکو مێژووی رابردوو چیتر گەلی کورد نابێتەوە بەسەربازیی هیچ وڵاتێکی تر

**ئیسرائیل-کورد: بەرێز کەمانگەر وەکو دوا پرسیار لەئەگەری وەشاندنی گورزێکی سەربازی لەلایەن ئەمریکاو ئیسرائیلەوە، ئایا ئێران داهاتوودا وەک عێراق و ئەفغانستان ئێوە دەبن بەبەشێک لەپرۆسەکە؟**

شێرزاد کەمانگەر: ئێران نە ئێراقە و نە ئەفغانستان دیارە لەرووی جوگرافیاوە نەتەوە جیاوازە چونکە بەرفراوانە و فرەنەتەوەشە، بەڵام لەهەر ئەگەرێکی لەم شێوەیەدا گەلی کوردیش خاوەن رۆڵێکی تایبەت دەبێت .



هڤپەیڤین: دیاری محەمەد
diarypress@gmail.com



ئەحمەدی نژاد لەگەل رۆژنامەنووسێکی ئیسرائیلی وێنە دەگرێت

# ئەحمەدی نژاد «لەژێرچاوەوە تماشایەکی کردم»

ئەحمەدی نژاد زۆر حەزی لێیە لە ناو خەڵکدا سەرنجراکێش بێت، کاتێک پەیامنێرە ئیسرائیلییەکە لێی نزیک بووەوە و پێگوت دەتوانم لەگەل سەرۆک کۆماری ئێران وێنەیەک بگرم،ئەحمەدی نژاد پێشوازی لێکردو بە گەرمی دەستی گوشی و لە تەنیشت یەکتری راوەستان و وێنەگرەکانیش بە تیشکی فلاشەکان ئەو جێگاییەیان کردە ئامانج،بەڵام ئەحمەدی نژاد نەیدەزانی کە لەگەل رۆژنامەنووسێکی ئیسرائیلی وێنە دەگرێت،ئەوکاتەی کە وێنەگرەکان کامێرەکانیان ئامادە دەکرد، بۆ وێنەگرتن ئەوان خەریکی قسەکردن بوون،تەنانەت ئەوکەسانەی لەگەل ئەحمەدی نژاد دا بوون گویان لە پێکەنینی ئەوان بوو، بە بێ ئەوەی کەس بزانێت چ باسە؟ لەوانەییە لەبەر بەخێرهاتن یا پێشوازیکردنەکە بووبێت. کاتێک کاری وێنەگرتن تەواو بوو پەیامنێرە ئیسرائیلییەکە ناسنامەی خۆی بۆ ئاشکرا کرد و گووتی کە ئیسرائیلییە و لەلایەن رۆژنامەییەکی ئەو وەڵاتەو نێردراوە بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی سەرانی ئیکۆ لە ئیستانبووڵ،بەداخەوە کامێرەکان کۆژابوونەوە تا بزانین هەڵوێستی ئەحمەدی نژاد چییە.



## ڕۆژنامەنووسە ئیسرائیلییەکە باڵیۆزیش بوو

باس لە هەواڵنێرێکی لێهاتوو و سەرکەوتوو ئیسرائیلییە کە لە رابردویشدا دوو جار سەردانی ئێرانی کردوە و تەنات لە باکوورەوە بۆ باشوور و لە ڕۆژهەلاتەوە بۆ ڕۆژئـاوا بە ماتۆر گەڕاوە هەندێک راپۆرتی سەرنجڕاکێشی لە ڕۆژنامەی» یدیعوت ئەعرنۆتدا « (Yedi-ot Aharonot) بڵاو کردوەتەوە، کە لە ئیسرائیلدا خوێنەرێکی زۆری بۆ لای خۆی راکێشابوو. ئەم ڕۆژنامە نووسە ناوی بۆعز بیسمۆت (Boaz Bismouth) و خـاوەنـی رەگـەزنـامـەی فەرانسییە و بە پاسپۆرتی فەرەنسی سەردانی ئێرانی کردبوو.

بۆعز سەردەمانێک باڵیۆزی ئیسرائیل بووە لە وڵاتی مۆریتانییا کە ولاتێکی مۆسڵمان نشینە،بەڵام هاوکاری و یارمەتییەکانی ئێران و هەندێک وڵاتی ئیسلامی بەو وڵاتە بوو هۆی تێکچۆنی پەێوەندییەکانی هەردوو لا و لایەنە توندڕەوەکانی عەرەب و ئێسلامییەکان یارمەتی و پشتیبانی گرۆپەتندڕەوەکانی ئەو وڵاتەیان دەکرد.بیسمۆت ماوەییەکە لە ڕۆژنامەی هیۆم (ישראל היום Yisrael Hayom ) کاردەکات،ئەم ڕۆژنامەییە بیسمۆتی بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی سەرانی وەڵاتانی ئیکۆ بۆ ئیستانبوول ناردبوو.ئیکۆ ڕێکخراوێکی ئابووری بۆ گەشەپێدانی پەیوەندی ئابووری کە لە سەردەمی حکومەتی پێشووی ئیران بە هاوکاری ئەمریکا دامـەزراوە و ئەمڕۆ جگە لە ئێران،تورکیا،پاکستان کە شەرێکی سەرەکین لەو ڕێکخراوەدا، حەوت وڵاتی دیکە بە تایبەت ئەفغانستان و چەند وڵاتـی تر ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیەن،لەم کۆنفرانسەدا ژمارەییەکی زۆر پەیامنێری ناوچەکەو جیهانی بەمەبەستی ئامادەکردنی راپۆرت بەشداریانکرد بوو،بەتایبەت باڵای بەرزی بیسمۆرت وەک پەیامنێرێکی ئیسرائیلی سەرنجی راکێش بوو.

ڕۆژی هەینی ٢٤ دیسمبەر لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا نووسی کە وەک ڕۆژنامەنووسێک مافی خۆیەتیەتی لەسەرچاوەکانی هەواڵ نزیک بێت، هەستی بەوە کرد کە ئەحمەدی نژادیش یەکێک لەو کەسانەییە کە لە پێشەوەی ئەواننەییە سەرنجڕاکێش بێت بۆیە لێی نزیک بوومەوە بە زمانی ئینگلیزی پێمگوت پێمخۆشە وێنەیەک بە دیاری بگرێن ئەحمەدی نژادیش قەبووڵیکرد، بۆیە لە تەنیش یەکتر راوەستان بۆ وێنەگرتن، بیسمۆت کاتی وێنەگرتن پێناسەی ڕۆژنامە نووسییەکەی بە سنگییەوەبوو ئەگەر کەسێک سەرنجی دابایە ناوو ناوی ڕۆژنامەکەی بە پیتی ئینگلیزی نووسرابوو.

بیسمۆت لە ڕۆژنامەکەیدا دەنووسێت ڕۆژی پێنج شەممە سەرلە بەیانییەکی زوو خۆی دەگەێنیتە ئەو هۆتێلەی کە ئەحمەدی نژاد لەو سەفەری بۆ تورکیا و بەشداری لە کۆبوونەوەی ساڵانەی وڵاتانی ئیکۆ تێدایە و ژمارەییەکی زۆر لە وەفدیی ئێرانی خەریکی خۆاردنی نانی بەیانین و لێینا نزیک دەبێتەوە و بە یەکێک لە دیپلۆماتەکان دەڵێت»خاویاری ئێرانی دەخـون» ئەویش بە پێکەنینەوە بی ئەوی هیچ قسەیەک بکات،دواتر بیسمۆت دەپرسێت کۆنفرانسی ڕۆژنامەنووسی ئەحمەدی نژاد کی دەست پێدەکات، وڵامی دەدەنەوە کە کاتژمێر شەشی ئێوارە.

## ڕۆژنامەنووسە ئیسرائیلییەکە دوو جار سەردانی ئێرانی کردووە

بیسمۆت کە فەرەنسی زمانەو رەگەزنامەی فەرەنسی هەیە دوای دووجار سەردان بۆ ئێران شارەزاییەکی تەواوە لە سەر کولتووری ئێرانی هەیە.

بیسمۆت دەنووسێت کاتێک ئەحمەدی نژاد بە مەبەستی وێنەگرتن لەگەڵ سەرانی وڵاتانی دیکەهاتە ناو هۆڵی کۆنفرانسەکە لێی نزیک بوومەوە وبە زمانی ئینگلیزی پێم گـوت، کە دەمـەوی پێکەوە وێنەکی تایبەت بۆ یادەوەری بگرین،لەو کاتەدا لە ئەحمەدی نژاد دەپرسێت»چ ئیشێکت بە سەرکۆزی هەیە» ئەحمەدی نژادیش دەڵی کە» بە سەرۆک کۆماری فەرانسە هیچ ئیشێکم نییە» تەنانەت ئیشم بەهیچ کەسی تریش نییە، بە راستی لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا.

بیسمۆت لە درێژەی بابەتەکەیدا دەنووسێت» دوابەدوای کۆنفرانسە ڕۆژنامەنووسییەکەی ئەحمەدی نژاد دوبارە لە ئەحمەدی نژاد نزیک بوومەوە وپرسیم» دەگەڕێتەوە بۆ تاران» ئەحمەدی نژاد وڵامی ئەرێ داوەو پێمگوت»منیش دەگەڕێمەوە بۆ تەلئەبیب ئاماژەم پێکرد کە «من پەیامنێری ڕۆژنامەیەکی ئیسرائیلیم و دەکرێت ئیسرائیلی بیت و هەمیش فەرانسی و لە ڕۆژنامەییەکی ئیسرائیلیشدا کار بکەی».

لە ژێرچاوەوە تماشاییەکی کردم و منیش پرسیارم کرد کە «ئایا بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان پەیامێکت هەیە» ئەحمەدی نژاد گوتی «



ئێران خۆازیاری ئاشتی و دادپەروەرییە» بیسمۆت دەنووسێت کە ئەم قسەییەم زۆر پێ گرنگ بوو و وەک سوپاس دەستێکم بە پشتی ئەحمەدی نژادا هێنا کە گاردی ئیسکۆرتەکانی هیچ هەڵوێستێکیان نەگرت.بۆعەز بیسمۆت بە ئێران و ئێرانییەکان ئاشناییەکی تەواوی هەبوو کە لە ساڵی ١٩٩٣ بە مۆتۆڕێکی مۆدێرن و بەهێز وەک تۆریست سەرانسەری ئێران گەڕابوو و راپۆرتگەلێکی زیادی لە سەر بیرەوەریەکانی و سەفەرەکەی خۆی لە رۆژنامەکانی ئیسرائیلدا بڵاوکردەوەتەوە.بیسمۆت کە خۆی بە دوای کێشەدا دەگەری،ساڵی ١٩٩٨ سەر لە نوێ گەڕایەوە ئێران،کە ئەو کات محەمەد خاتەمی وەک سەرۆک کۆماری ئێران سەردانی فەرانسەی کردبوو چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەنجام دابوو و رۆژێک دواتر لە رۆژنامەکانی ئیسرائیلیدا بڵاوی کردبووە، ئەم جارەش هەمان پلانی بۆ ئەحمەدی نژاد دانابوو کە وێنەی لەگەڵ بگری و قسەی لەگەڵ بکات.

ئا: ئیسرائیل-کورد



# گەلانی ئێران بوونەتە قوربانی سیاسەتی ئەتۆمیی ئەحمەدی نەژاد



# ئێران ڕێگە نادات کێشەی فەلەستین چارەسەر بکرێت

خاکی پیرۆز، خاکی پڕ کیشە، خاکەپڕلەمێژووی، مێژووی خاکە پڕ کێشە، هەمووی ئەمانە ناونیشانن و دەتوانین بەو خاکەی بڵێین کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی و ناوەراست و ڕۆژئاوای ئۆردن، واتە فەلەستین، بەبۆچوونی عەرەب و زۆربەی موسڵمانانی جیهانیش خاکێکی عەرەبی و ئیسلامی داگیر کراوە، بە بۆچوونی جوولەکەکانیش خاکێکی هەڵبژێردراوە بۆ گەلێکی هەڵبژێردراو، زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکانیش ئامازە بەوە دەکەن کە کەنعانییەکان یەکەم کەس بوون کە لەم خاکەدا نیشتەجێ بوون نەوەکانیشیان ئیسرائیلی ئیستایە،زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە لەسەرەتای فتوحاتەکانی ئێسلام و گەیشتنی پەیامی ئێسلام، موسڵمان و جوولەکەکان بەئاشتی تەبایی و برایەتی پێکەوە ژیاون، بگرە لە نێواندا ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەبووە، گرنگ ئەوەییە لە مێژوونیشاندەدات کە ئەم ناوچەیە کێشەی لێ نەبڕاوە و بەدەیان شەڕی گەورە و بچووکی بەخۆیەوە بینیوە، ڕەنگە ئەگەر بمانهەوێت بچینە بنج و بنەوانی کێشەکە و لێی بکۆڵینەوە کێ خاوەنە و کێ داگیرکار، کورد گوتەنی ئەم هەویرە ئاوی زۆری دەوێت، بەڵام ئەوەی دەمانهەوێ تیشکی بخەینە سەر پرۆسەی ئاشتیە لە نێوان عەرەب و جوولەکەکانە کە ساڵەهایە بەڕێوەیە ناگاتە ئامانج، بەبڕوای زۆرێکیش لە شارەزایانی ڕۆژهەلاتی ناوین هەر ناگاتە ئامانج و بەر لەدەست پێکردنی دانوستانەکان ئەنجامە ئەرێنیەکەی دیارە،

تائێستاش چەندین جار وەک کێشەیەکی جیهانی هەوڵی بۆ دراوە تا ڕێگا چارەیەکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە و پرۆسەی ئاشتی ڕۆژهەلاتی ناوین سەر بگرێت و بۆ یەکجاری کێشە لە ناوچەکە ببڕێتەوە، لەنێوان عەرەب و ئیسرائیلیەکانیش چەندین ڕێککەوتن و هاوپەیمانی ڕێکخراوە و واژوو کراوە لەوانە:

پەیماننامەی (کامب دێڤد ) لە ١٧ سبتێمبەری ١٩٧٨ کە لە نێوان ( ئەنور سادات ) سەرۆکی میسر و (مناحم بێگن ) سەرۆک وەزیرانی ئەوسای ئیسرائیل لەژێر چاودێری (جیمی کارتر ) ی سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کامب دێڤد مۆرکرا، بەپێی ناورۆکی ئەم پەیماننامەییە میسر یەکەم وڵاتی عەرەبی کە دان بە ئیسرائیلدا نا، وەک کاردانەوەیەکیش کۆمکاری عەرەبی بۆ ماوەی دە ساڵ ١٩٧٩-١٩٨٩ میسری لە ئەندامیەتی کۆمکاری عەرەبی دەرکرد .

ڕێککەوتنی ئۆسلۆ بە یەکەم ڕێککەوتنی ڕاستەوخۆی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل دادەنرێ کە لە ١٣ سپتێمبەری ١٩٩٣ لەژێر چاودێری سەرۆک کلنتۆن، لەلایەن شمعون پێرێز وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل و مەحموود عەباس لە واشنتۆن مۆرکرا، هەرچەندە ڕێککەوتنەکە لە واشنگتۆن مۆرکرا، بەڵام بە ئۆسلۆ ناونرا چونکە





سەرۆکی حەماس سوپاسی یارمەتییەکانی ئێران دەکات

# چەندین وڵاتی بەناو ئیسلام خۆیان خزاندوەتە ناو هاوکێشەکان و خۆیان بە خودانی دۆزەکە دەزانن

پێشتر چاوپێککەوتنە نهێنیەکان لەنێوان فەلەستینی و ئیسرائیلیەکان لە شاری ئۆسلۆی-نەرویژ ئەنجام درابوون . وەک ئامادەدە کاریەک بۆ گرێدانی کۆنگرەی ( مادرید ) لە ١٩٩١ ڕێککەوتننامەی ئۆسلۆ یەکێک بوو لە ئەنجامەکانی کۆنگرەی مادرید. لەئەنجامەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا دەمەزراندنی دەسەلاتداری فەلەستینی بە یاسادانان و جێبەجێ کردن و لەبەرامبەریشدا ڕێخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستینی دان بەئیسرائیل بنێ و چەندین بەندی تری گرنگی تێدابوو لەکۆتایشدا هەندێ لایەنی فەلەستینی هەموو بەندەکانیان جێبەجێ نەکرد و لە ئاکامیشدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا

لوتکەی کامب دێڤد لە تـەمـووزی ساڵی ٢٠٠٠ لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەژێر چاودێری سەرۆک کلنتون لەنێوان ( ئەیهود باراک ) سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل و ( یاسر عەرفات ) سەرۆکی دەسەلاتداریەتی فەلەستینی بەسترا، بۆماوی دوو هەفتە بەردەوام بوو بەڵام لە کۆتایدا شکستی هێنا و لەئەنجامدا سەرۆکی دەسەڵاتداری فەلەستینی ( یاسر عەرفات ) تۆمەتبار کرا کە بۆ تە هۆی شکست هێنانی لوتکە دوو قۆڵی ڕاستەو خۆکە .

جگە لەم هەوڵانەی کە باسمان کرد بەدەیان هەوڵی تر لە لایەن ئەمریکیەکان و ئەوروپیەکان و ڕوسیەکانیەوە دراوە بۆ ئەوەی ئەم کێشە مێژوویە بەئاکام بگات و هەر دوو گەلی جوو و فەلەستینی بەئاشتی ئارامی لەگەل یەکتر بژین .

لەگەڵ درێژ بوونەوەی ماوەی کێشەکان لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیلیەکان بەدەیان گۆڕانکاری بەسەر هاوکێشە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هاتووە، چەندین وڵاتی بەناو ئیسلام خۆیان خزاندوەتە ناو هاوکێشەکان و خۆیان بە خودانی دۆزەکە دەزانن و چەندین پلانی نەگریس دادەڕێژن بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزتر بڕوات و دوبەرکی لە نێوان هەردوو لا بەرەو خراپتر بڕوات .

یەکیک لەو هۆکارانەش کە بارودۆخی ناوچەکەی ئاڵۆزتر کردووە جیابوونەوەی کەرتی غەززەییە لە کەرتی ڕۆژئاوا و داسەڵاتداریەتی حەماس لە کەرتەکە، کە وایـکـردووە هەرگیز یـەک گوتاری لە دەسەڵاتداری فەلەستینی دا نەبێت، بێ گومان دەست لە پشت دانی ئێران و تورکیا و هەندێ لە وڵاتە عەرەبیەکانیش بۆ بزووتنەوەی حەماس زیاتر هاندەرن بۆ ئەوەی بەهیچ شێوەیەک دانوستاندنەکان لەگەڵ لایەنی ئیسرائیلی بەئاکام نەگات و هەرگیزیش بەئاکام نەگات تارۆژگاری ئەمڕۆش وەک یەکێک ئاڵۆزترین سەختترین کێشەکانی جیهان بمێنێتەوە، لەدواین داواکاریشدامحمود عباسی سەرۆکی دەسەڵاتداری فەلەستینی لە ٦ /١ /٢٠١١ داوای لە یەکێتی ئەوروپا کرد هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ بۆ بوژانەوەی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان هەردوولا.

لەڕاستیدا لەو چەند ساڵانەی دوایدا گەورە لێکۆڵەوەرانی ئەوروپا و








## بەدەیان هەوڵی تر لە لایەن ئەمریکیەکان و ئەوروپیەکان و روسیەکانیەوە دراوە



ئا: بارزان ئیبراهیم
barzann@live.com

هەروەها روسیاش گەیشتنە ئەو بڕواییەی کە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان فەڵەستین و ئیسرائیل بۆتە کارێکی مەحاڵ! ئەو بیرمەندانە هۆکاری ئەو بێئومێدییەیان بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە، تا وڵاتانیکی وەک ئێران دەست بخەنە گەردنی فەڵەستینییەکان ئەوا کێشەکە کۆتایی نایەت، دەوڵەتی شیعە مەزهەب بۆ زاڵ بوونی هەژموونی ئیسلامی شیعە خۆی کردوە بە سوپەر پاوەری میدڵ ئیستا، ساڵانە بەملیۆنەها دۆلار بۆ گرۆپە تێکدەر و تیرۆرستەکانی وەک حەماس دەبەخشێت تا لەو نێوەندەدا ئارامی و ئۆقرەییی هاوڵاتیان تێک بدات و پرۆسەی ئاشتەوایی پەک بخات.

ئێستا لێکۆڵەوەران گەیشتوونە ئەو بڕواییەی هەتا دەوڵەتی ئێران لە گۆڕەپانەکەدا بمێنێت چارەسەری کێشەی فەڵەستین و ئیسرائیل بەکۆتا ناییەت.



## ئەرەکە سەختەکەی مۆساد لە ئێستادا:

# «ئەمریکا و ئیسرائیل سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران یەک هەڵوێستیان هەیە»

لەگەڵ تەواو بوونی دووراني خزمەتی میر داگان (Meir Dagan) لە پۆستی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری دەرەوەی ئیسرائیل (Mossad) راگەیاندنە گشتییەکان دوای دەست خۆشی و قەدر دانی لە دەسکەوتەکانی میر داگان سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگری دەرەوەی ئیسرائیلدا،ئاماژەیان بە دەست بەکار بوونی تامیر پاردۆ (Tamir Pardo) کرد کە چ گۆڕانکارییەک لە مۆساد دا روودەدات.

یەکێک لەو پرسیارانەی کە باسی لێەوەکراوە ئەوەییە کە تامیرپاردۆ بەرامبەر بە بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان و حکومەتی سوریا و رێکخراوی تیرۆریستی حەماس چە رێگا چارەیەک دەگرێتە بەر.

راگەیاندنە گشتیەکانی ئیسرائیل باس لەوە دەکەن کە دەزگای هەواڵگری دەرەوەی ئیسرائیل (مۆساد) لە قۆناغی سەرۆکایەتی میر داگان دا،لە زۆر لایەنەوە سەرکەوتوو بووە،بەتاییبەتی ئێران و بەرنامەی ناوەکیەکەی کە لە زۆر روویەوە ئەورۆ وەک گەورەترین هەرەشە بۆ سەر ئیسرائیل سەیر دەکریت، ئەگەر ئێران بتوانی لە دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیدا سەرکەوتوو بی، رۆلێ مۆساد لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بەرنامەی ناوەکی ئێران و پێشگرتن لە بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران لە رێگەی دروستکردنی فشاری ئابووری و سیاسی بوو،کە ئەوەش ستراتیژی سەرەکی ئەو پێنج ساڵەی سەرۆکایەتی میر داگان بوو.

**بەرنامەی ناوەکی و چاوەدێری ئێران لە ناوچەکدا گرنگترین پرۆژەی میر داگان بوون:**



میر داگان، سەرۆکی پێشووی مۆساد

# پێدانی چل هەزار موشک و راکێتی دوور هاوێژ لەلایەن ئێرانەوە بە حەماس و حیزبوولڵا کە دوو رێکخراوی تیرۆریستن جیگای مەترسیە

میر داگان لە لێدوانەکانیدا بۆ کاناڵەکانی راگەیاندن ئاماژەی بەوە کردوە، کە کۆماری ئێسلامی ئێران ئێستا ٤ تا ٥ ساڵ کاتی پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێت یەکەم بۆمبی ئەتۆمی خۆی دروست بکات،هەرچەندە لایەنە ئەمریکییەکان باسیان لەوە کردووە کە بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران لە قۆناغی تەواو بونیدایە بۆ بە دەست هێنانی یەکەم چەکی ئەتۆمی.

ئاژانسە هەواڵنێرەکانی ئیسرائیل ئاماژە بەوە دەکەن کە گرنگترین مەسەلی تامیرپاردۆ لە سەرەتای دەست بەکار بوونیدا وەک سەرۆکی تازەی مۆساد، بەرەنگار بوونەوەی بەرنامەی ناوەکییەکەی ئێرانە، هەروەها کێشەی نیوان ئیسرائیل و سوریا. میر داگان لە ماوەی ٨ ساڵ خزمەتی لە پۆستەکەی بۆتە هۆی بە هێز بوونی دەزگای هەواڵگری مۆساد و بە کەسێکی خیاڵی ناوزەدکراوە،ئەو کەسەی جێگای دەگرێتەوە چ بەرنامەییەکی هەیە بۆ ئێران و سووریا و حەماس و حیزبوولڵا کە بەردەوام هەرەشەن لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل؟

لەسەردەمی ئارێل شارۆن سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل،بڕیاردرا کە هەموو دەزگا ئەمنییەکانی وڵاتەکەی دەبی بە وەردی چاودێری تاران بکەن،کە ئەم سیاسەتە دواتر لە لایەن هەریەک لە ئیهود ئۆلمیر و بنیامین نەتانیاهۆ پێرەوکرا.

بە پێی ئاژانسەکانی هەواڵنێری ئیسرائیل (مێر داگان) لەو بڕوایە دا بوو، کە بە گوشارە نێودەوڵەتییەکان وەک گەمارۆی ئابووری،بەرگری لە بەدەستهێنانی کەرستە و یەدەگی تایبەت بە بەرنامە ناوکیی و هەروەها لە رێگەی بەرنامەگەلێکی کامپیۆتری دەکرێ برنامە ناوەکییەکەی ئێران بەرەو قەیران برێت و رووبـەرووی کێشەی بکاتەوە و بەم شێوەیش پێویست بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی ناکات و بەکار هێنانی هێزی سەربازی دەبێت هۆی زەرەر و زیانێکی زۆرتر لەو قۆناغەدا بۆ ئیسرائیل.

## ئایا هێرشی سەربازی بۆ سەر بنکە ناوەکییەکانی ئێران وڵامدەرە:

ئیسرائیلییەکان زۆر بە باشی دەزانن کە، ئەگەر هێرش بکەنە سەر بنکە ناوەکییەکانی ئێران ئەوە کۆماری ئێسلامی ئێران لایەنگرەکانی خۆی لە ناوچەکە بەکاردێنێت کە بە توپ و موشەک هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل، لە چەند ساڵی رابردوودا ئیسرائیل رووبەرووی چەندین هێرشی بەو شێوەیەی بووتەوە، کە لەلایەن گرۆپە توندڕەوەکانی وەک حیزبوولڵا و حەماسەوە ئەنجامدراوە، هەرچەندە حکومەتی سوریە بەرژەوەندی خۆی رچاوە دەکات و رەنگە لە کاتی هێرش بۆ سەر ئیسرائیل هاوکاری ئێران بکات، بەڵام ئیسرائیل ئەویشی لەبەرچاوگرتووە و ئامادەکاری هەر جۆرە هێرشێکی چوار قۆڵییە کە ئەگەر لەلایەن ئێران و سوریا و لوبنان و کەرتی غەزەوە بکرێتە سەری.

شارەزایانی سەربازی ئاماژە بەوەدەکەن کە پێدانی ٤٠ هەزار موشک و راکێتی دوور هاوێژ لەلایەن ئێرانەوە بە حەماس و حیزبوولڵا کە دوو رێکخراوی تیرۆریستن جیگای مەترسیە و ئەوەش دەبێتە هۆکاری بەهێز بوونی ئەو گروپانە و ئیسرائیلیش ناتوانێت ئەوە لەبەر چاونگرێت و هیچ هەلوێستی نەبی.

لەلایەکی دیکەیشەوە پسپۆرانی بواری سەربازی ئیسرائیل دەڵێن، کە ژمـارەی بنکە ناوەکییە ژێر زەمینیەکانی ئێران،کە سەقفێکی بە جیمەنتووی قایم دروستکراوە پێناچێت بە هێرشی فرۆکە لە ناو بچن،راستییەکی دیکەیش کە دەبێت لەبەر چاو بێ ئەوەییە کە بە لەناوبردنی گارگەکانی ئەتۆمیی ئێران لەوانەییە کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەی چەند ساڵێک دوا بخات لە گەویشتن بە بۆمبی ئەتۆمی، لەم بارەییەوە دەبێت رێگاچارەییەکی دیکە بگرنە بەر کە توناییەکانی کۆماری ئیسلامی لە بواری بەرنامەی ناوەکیی بە تەواوی لە ناوبەرن،یان ئەوی ئەو حکومەتە بگۆڕدرێت و حکومەتێکی دیکە دەستەڵات بگرێتە دەستەوە، کە بەراستی بەدوای بەرژەوەندی خەڵکی ئێرانەوە بێت و

بەرنامە ناوەکییەکانی وەلا نێت. بە پێچەوانەی بیرو رای ئیسرائیلییەکان ئەمریکییەکان سەبارەت بە وڵامی ئەم پرسیارە کە ئێران چە کاتێک دەبێتە خاون چەکی ناوەکی،هەر دوولا سەبارەت بە مەترسی بۆمبی ئەتۆمیی ئێران یک بۆچوونیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت پێشی پێ بگرن.

## سەرۆکی نوێی مۆساد و رێگا چارەی گونجاو:

دەزگاکانی راگەیاندنی ئیسرائیل ئاماژە بەوە دەکەن،کە ئەگەر بریارە رێوشێوێنی سەربازی رەچاو بکرێت ئەوا ئەو ئەرکە دەکەوێتە ئەستووی ئەمریکییەکان چۆنکە باشتر و ئاسانتر دەتوانن ئەو کاری ئەنجام بدەن و سوپای ئەمریکا نە تەنیا لە رووی سەربازییەوە چەند بەرامبەری ئیسرائیل بە هێزترە،بەڵکو بوونی لە کەنداوی فارس و ئەفغانستان و عێراق کە هاو سنوورن لەگەڵ ئێران ئەو مەجالە زیاتر بۆ ئەمریکییەکان خۆشتر دەکات تا بۆ ئیسرائیل،بەلام چاوەدێران لەو بروایە دان کە سەرۆک ئۆباما بە هۆی کێشە ناوخۆییەکان و نێودوڵەتییەکانی ئەمرێکاوە لەو قۆناغەدا زیاتر قورسایی دەخاتە سەر رێگە چارەسەری ئاشتی و بە دانوستان و گەمارۆکانی سەر ئێران لە هەولێ راگرتنی بەرنامەی ناوەکیی ئێران دان و ئەوەش هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەوی کە لە کاتی ئێستادا ئەمریکا ناخوازی مەیدانێکی دیکەی شەر لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دورست بکات.

لە لایەکی ترەوە حکومەتی ئیسرائیل رەخنەی هەیە لەسەر شێوازی ئێستای بەرەنگار بوونەوی بەرنامەی ناوەکیی ئێران لە لایەن ئەمریکاوە و ئیسرائیلیەکان باسی ئەوە دەکەن کە نابێ ئەمریکا لەبەر بەرژەوەندییە گشتیەکانی خۆی، ئەو مەترسیانی کە بوونی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا دەخنە مەترسییەوە لە بەرچاو نەگرێت.بۆیە هەرکات بەرژەوەندی گشتی و ئاسایشی ئیسرائیل کەوتە خەتەرەوە دەبێت قۆڵی بۆ هەڵکات و بێتە مەیدانەوە،بەتایبەتی ئەو هێرشانەی کە لەلایەن سەرۆک کۆماری ئێرانەوە دەکرێتە سەر ئیسرائیل و مەترسی گروپە تیرۆریستیەکانی حیزبوڵلا و





تامیرپاردۆ، سەرۆکی ئێستای مۆساد

حەماسیش یان لە بەرچاوە کە لە کاتی میر داگاندا چەندین جار هێرشیان کردۆتە سەر ئیسرائیل بە شێوەیەکی نەهێنی. ئیسرائیل سەبارەت بە ئەو فۆزاییەی کە ماوەیەک لەمەوبەر لە راگەیاندنەکاندا بە تایبەتی میدیای عەرەب هیچ هەڵوێستێکی نیشان نەداوە،کە راگەیاندنەکان ئاماژەیان پێکردوە وەک تیرۆرکردنی عیماد موغنیەی سەرۆکی دامەزراوەی سەربازی حیزبوڵلا، تیرۆرکردنی راوێژکاری سەرۆکی سوریا بۆ کاروباری ئەتۆمی لیوا محەمەد سلێمان،هەروەها مەحموود ئەمبجوح بەرپرسی پەیوەندی نێوان ئێران و حەماس و محەمەد لولێمان لە کاربەدەستانی حکومەتی سوریا کە تا ئێستا ئەم هەواڵانە ئاشکرا نین.

چاوەدێرانی سیاسی ناوخۆی ئیسرائیل لەسەر ئەو باوەرەن کە تامیرپاردۆ سەرۆکی ئێستای مۆساد گۆرانکاری لە دەزگای مۆساد دا دەکات،دەستنیشانکردنی تامیر پاردۆ وەک سەرۆکی تازەی دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل «مۆساد» کە تەمەنی ئێستا ٥٧ ساڵە و هەموو تەمەنی خۆی لەخزمەتی سەربازیی و هەواڵگریی ئیسرائیلیدا بەسەر بردوە و لە قۆناغی خزمەتیدا لە ئەرتشی ئیسرائیل یەکێک لە کادیرە هەرە بەرجەستەکان بووە و نزیکی ٥ ساڵیش وەک جێگری پێشووی سەرۆکی مۆسادی میر داگان کاری کردوە و زۆربەی ئەوانەی لە نزیکەوە تامیر پاردۆ دەناسن باس لە زیرەکی و هوشیاری و هەروەها تواناییەکانی دەکەن، لە ئەندیشەی داهێنان و کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری لە بواری دەوڵەتانی عەرەبی بە کەمترین باجی مرۆڤیەوە دەکەن.

ئا: محەمەد جەمشیدی

# پەیوەندیی کورد و جوو پەیوەندییەکی مێژوویی و مرۆڤانەیە



پێشرۆ فەرەج جاف

کورد نەتەوەییەکی خەباتگێر و قۆربانی دەرە کە بە درێژای مێژوو هەزاران شەهید و پەککەوتوو بێسەر و شوێنە هەیە، سەدان هەزارش ماڵ و حاڵیان بە تاڵان براوە و زێدیان ویران و لە سەر زیدی باوباپیرانیان دەرکراون تەنیا بە تاوانی کورد بوون، کە تەنیا داوایی مافە نەتەوەییەکانی خۆی کردووە، وەک هەموو گەلانی دیکە بۆ ئەوەی کویلەی دەستی داگیرکەران نەبێت، لەکاتی سەرهەڵدانی پەیامی پیرۆزی ئیسلام کورد پەیامی ئیسلامی هەڵبژارد، چونکەپەیامێکی ئاشتی و برایەتی و دادپەروەرە و لە رێگەی پارستی ئیسلامەوە کورد قۆربانی زۆری داوە و ئاڵای ئیسلامی بەرز و پیرۆز راگرتووە.

بە درێـژی مێژوو نەتەوەکانی تر کوردیان کردبوو پێشەنگی شەڕەکانی خۆیان لە ژێرچەتری پاراستنی ئاینی ئیسلام، بۆ چەسپاندنی پێگەی نەتەوایەتی خۆیان هەردەم گوتویانە ئیسلام رێگە نادات هیچ نەتەوەیەک جیا بێتەوە، لە بینینی دەوری شوفینی و دەستەڵاتی دین و دوڵەتیان خستبووە ژێر دەستەڵاتی خۆیان.

هەمووومان دەزانین جوو لە هەموو شار و ناوچەیەکی کوردستان وعێراق ژیاوە و ماڵ و حاڵ و ناونیشانی خۆیان هەبووە، بنەماڵەی ئێمە لە گەرەکی خوارووی سلێمانی ژیاون.چەندەها شۆرشی نەتەوەیی کورد دەستیان پێکرد لەوانە شۆڕشی ئەیلول بە رێبەری خەباتگێر و تێکوشەڕی مەزن مەلا مستەفای بارزانی نەمری.

رژیمەکانی عێراق یەک لە دوایی یەک بۆ لێدانی شۆڕشگیرانی کـورد، پڕۆپاگەندەیان دەکـرد کە کـورد دژ بە ئیسلامە و پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە و هاوکاری ماددی و سەربازی وەرگرتووە، بەم کارانەیان ویستویانە سۆزی شەقامی عەرەب و ئیسلام بە دەست بهێنن.لە کاتێکدا دەوڵەتە عـەرەب و ئیسلامییەکان پەیوەندی راستەخۆ یا ناراستەخۆیان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە و لە هەموو دوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا جگە لە چەند وەڵات نەبێت ئاڵای ئیسرائیلی دەشەکێتەوە و پەیوەندییە مرۆییەکانی کورد- ئیسرائیلیش بە خەیانەت وهێرش بۆ سەر ئیسلام ناوزەد دەکەن.

لە روانگەی ئێمەوە (جوو) وەک گەلێک کە مافی ژیانی هەیە رێز لە بیرو رای و ئاینی نەتەوەیی بگیرێت و لە هەمان کاتدا پیویستە مافی عەرەبی فەلەستین دابین بکرێت، پەیوەندی کورد و ئیسرائیل ئاساییە و پیویستە ئەزموونی لێ وەرگرین، زۆر جار بیستوومانە کە راگەیاندنەکانی عەرەبی بە گشتی باس لە بوونی بنکەو بارەگای ئیسرائیل دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا و کورد بەوە تاوانبار دەکەن کە پابەندی ئایینی پیرۆزی ئیسلام نییە، بەڵام بۆ بەرپەچدانەوەی






هەموو ئەو پرۆپاگەندانە ئێمە گوتومانە موسڵمان یانی کورد، چونکە هیچ گەلێک وەک کورد پابەند بە ئیسلام نییە وپەیامی ئیسلامیش پەیامی ئاشتی و دادپەروەری پیکەوە ژیانە.

بە گەرەکی جوولەکەکان واتە گەرەکی جێ ژوانی (جوو) بووە و باو باپیرانمان دەگێرنەوە جوویەکان مرۆڤگەلێکی بەرەحم و دڵسۆز بوون و زەرە و زیانیان بۆ هیچ کەس نەبووە و وەک برا لەگەڵ کوردە موسڵمانەکان پێکەو ژیاون و تەنانەت خزمایەتی و ژن و ژنخوازیش هەبووە لە نێوانیاندا، جوویەکان کە بوونە خاوەنی حکومەت و دەستەڵاتی خۆیان زەوی باو باپیرانیان ئاوەدانکردەوە و کەمتر لە ٥٠ ساڵ تونیان دوڵەتێکی بەهێز و دیموکراتیک و سەردەمیانە بنیاد بنێن.

هەمووما‌ن دەزانین کە عەرەب هەموویان کۆکن لە سەر ئەوەی نابێت هیچ گەلێک پێگەی خۆی هەبێت و هەمیشە هاووڵاتی پلە دوو بێت، تەنیا لە بەر ئەوەی عەرەب خۆی بە خاوەنی ئیسلام دەزانێت و ئیسلامیش رێگە نادات کە هیچ نەتەوەیەک پەیوەندی لەگەڵ غەیرە ئیسلامدا هەبێت. بەم رێبازە توانیویانە سۆزی شەقامی عەرەبی بۆ خۆیان رابکێشن و کیشەی فەلەستین بکەنە گەورەترین بازاری بازرگانی.

چارەنووسی کورد و دابەشبوونی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی داگیرکەردا، بەمیش باشووری خرایە سەر عێراق و ئێستا لە لایەن دوڵەتی زلهێزەکانەوە بۆ پاراستی بەرژەوەندیەکانیان دەپارێزێت و کوردیش بە مافی خۆی دەزانێت بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی بدات و پەیوەندیەکانی بپارێزێت، بە گوێرەی بەرژەوەندی تایبەتییەکانی، لەم کاتەدا دەستەڵاتی کوردی دەستەڵاتێکی حەکیمانەییە و کوێلەیی و ژێر دەستی قەبووڵ ناکات و هەرێمی کوردستان بەرەو پێشکەوتن و دیموکراسی هەنگاو دەنێت و لە هەموو روویەکەوە دەتوانین بڵێن هەرێمی کوردستان لانەی هەموو نەتەوە و ئازادیخوازان و رۆشنبیرانە و دۆژمنانی کورد چ بخۆازن و نەخۆازن کوردستان بەرەو سەرکەتن هەنگاو دەنێ و ئاسۆی چارەنووسی گەشاوەییە و پشت بە خودای مەزن گەلەی کوردیش سەرکەوتن بە دەست دێنێت و وەک گەلی جوو لەسەر خاکی رەسەنی خۆی دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی.

# ئیسرائیل-کورد

# هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیانی جوویەکان لە دەڤەرەکانی کوردستان



تایبەتی ئیسرائیل-کورد